Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 386–415
http://www.ijoks.com

# Social conditions in the Kurdish narrative

***Salim Rashed Salih***[1] ***Abdullah Rahman Awlah***[2]

**Received**: Feb 23, 2018 **Reviewed**: Mar 11, 2018 **Accepted**: Mar 17, 2018

## Abstract

Social space is an important part of community life. And have a significant impact on the lives of its members. Therefore, because the society guarantees in its own depth many social issues and events, while at the same time it is a link between social interaction and social interaction.These relationships and social connections are visually intertwined as a spider web, and because people are social, it is impossible to live alone, so they have a constant connection with individuals and the culture traditions of society. On the other hand, he faced many setbacks and problems, faced with social problems and affected his life and future.On this basis, the human being in his private life revolves around his social issues. No component can have such an effect. In the framework of literature in general and the novel in particular is the vast area of communication between the relations between literature and social issues in the community delay on the shoulders, and works in the way of this space and embrace these problems and social constraints and find solutions satisfactory and to indicate the future of the (new generation) . And from this observatory we have worked in the examples of the next novel to present to the new generation. And we tried in several models of the Kurdish novel to show these social issues, and to clarify the impact of these social issues in the text of the narrators and show the opinion of the novel about these problems and obstacles. The factors that led us to choose this topic are to work more on the relationship of the novel to society. This research leads us to talk about the sociology of sociology as a branch of sociology of literature. In this subject in the Kurdish literary criticism, especially at the academic level, he worked on it only a few.

**Keywords:** Social condition, Kurdish narrative, Kurdish novel, Community

**Recommended citation:**
Salih R. S. & Awlah R. A. (2018). Social conditions in the Kurdish narrative. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 386–415. doi: **10.21600/ijoks.454461**

[1]Asst. Prof. Dr., Department of Kurdish Language, College of Education, University of Salahaddin Erbil, Kurdistan Region of Iraq, E-mail:salim_shwani@yahoo.com
[2] Teacher, Department of Kurdish Language, College of Education-Makhmur, University of Salahaddin Arbil, Kurdistan Region of Iraq, Email: abdulla.awla@su.edu.krd

# بارودۆخی کۆمەڵایەتی

# لە پانتایی دەقی رۆمانی کوردیدا

پ.ی. د. سلیم رەشید ساڵح عەبدوڵڵا رەحمان عەوڵا

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تەوەرێکە لە بەشێکی تێی دکتۆراکەمان، کە تایبەتە لایەنی کۆمەڵایەتی لە رۆمانی کوردیدا. بواری کۆمەڵایەتی بەشێکی گرینگ لە ژیانی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و کاریگەری گەورەیان لەسەر ژیانی تاکە کانیدا دروست دە کەن. بۆیە کۆمەڵگە سەرەڕای ئە وەی کە چەندین بابە ت و رووداوی کۆمەڵایەتی لە هەناوی خۆیدا هە ڵگرتووە، لە هەمانکاتیشدا رایە ڵەیەکی تێکچرژاوی لە پەیوەندیی و کارلێك و لێکترازانی کۆمە ڵایەتی لە خۆ گرتووە . ئەو پە یوەندیی و رایە ڵە کۆمەڵایەتییانە بەشێوەیەك رەنگرێژیان کردووە وەکو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکی دە وری مرۆڤە کانیان تە نیوەتەوە. بەهۆی ئە وەش مرۆڤێك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە بە تەنیا مەحاڵە بتوانێت بژیت، بۆیە هەمیشە لە پەیوەندییکردنی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا لە لایەکەوە کۆمەڵێك لە داب و نە ریت و کولتوری تایبە ت بە کۆمەڵگەی دروست کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە گەلێك جاریش لە و پەیوەندییانەدا دووچاری شکست و کێشە بووەتەوەو بە مەش گرفتی کۆمەڵایەتی یەخەی گرتووەو کاریگەری لەسەر ژیان و چارە نووسی داناوە. بەم پێیە مرۆڤ لەناو جیهانی تایبە تی خۆیدا بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دە ور دراوە و هیچ بوونە وەرێك نییە کاریگەری ئە و کایەی کۆمە ڵایەتییەی لە سەر نە بێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و ر ۆمان بە تایبەتی ئەو پانتاییە فراوانەیە کە ڕەهەندی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و بابە تە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت و هە وڵ دەدات لە رێگەی ئەو پانتاییەوە بەرجەستەی ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوەو رێگەوی ئایندەش بەشکەش بە نەوەی نوێ بکات. لەم روانگەیەشەوە هەوڵماندا لە چەند نموونەیەکی رۆمانی کوردیدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکەین و رە نگدانەوەی ئەو بابە تە کۆمەڵایەتییانە لەناو دە قی رۆمانەکان و بۆچوونی رۆماننوسان لەهەمبەر ئەو کێشەو کرفتانە بخەینە ڕوو. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە زیاتر کارکردن بووە لەسەر پەیوەندی رۆمان و کۆمەڵگە، کە ئەم باسەش دەمانباتەوە سەر باسی کۆمەڵناسی رۆمان وەکو لقێك لە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب. ئەم بابەتش لە رەخنەی رۆمانی کوردیدا و بە تایبەتیش لە ئاستە ئەکادیمییەکەی بەژمارەیەکی زۆر کەم کاری لەسەر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بە ش پێکهاتووە ، لە بەشی یەکەمدا لەڕووی تیۆرییەوە کۆمەڵناسی رۆمان روون کراوەتەوەو جەخت لەسەر لایەن و رەهەندەکانی کراوەتەوە .

لەبەشی دووەمیشدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و رە نگدانەوەی لەناو بە شێك لەرۆمانەکانی کوردیدا دیاریکراوەو نیشانی خراوەتە سەرو لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەرچاوخراوە

## بەشی یەکەم

## چەمك و مێژووی کۆمەڵناسی رۆمان

کۆمەڵناسی رۆمان یەکێکە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب کە بایەخ و گرنگی بە ژانرێکی دیاریکراو دە دەا کە ئەویش رۆمانە، ئەو زانستە هەوڵدەدات لە رێگەی پەیوەستبوونی رۆمان بە کۆمەڵگە ، کاریگە ری و کارتێکردنی نێوانیان دەستنیشان بکات و لەرێگە ی رۆمانە وە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییە کان و سروشتی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات و رادە ی کارلێکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەو واقیعی ژیان روون بکاتەوە.

زاراوەی (کۆمەڵناسی رۆمان ) لە دوو بە ش پێکهاتووە ، (کۆمە ڵناس) و (رۆمان )، تێکە ڵبوون و تێکچڕاژانی ئەو دوو بوارەش لە چوارچێوەی تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆمەڵناسی دێت، دیارە لێرەدا کۆمەڵناسی وردتر و چڕتر مامە لە لەگە ڵ ئەدەبدا دە کات و لە رێگای ژانرێکی دیاریکراوەوە هەوڵدەدات لایەن و رەهەندە کۆمەڵناسییە کانی کۆمەڵگە دیاری بکات . بێگومان رۆمان بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە ی ئە دەب، ئە و پانتاییە بە رین و فراوانە ی هەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە وێنای لایەنەکانی کۆمەڵگە بکات، لێرەشدا کۆمەڵناسی وەکو زانستێك پەیوەست دەبێت بە رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی و هەوڵدەدات بەپێی یاسا و پێوەرەکانییەوە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ یاسا و رێساکانی رۆمان، کێشە و گرفتە کۆمەڵایە تی و سیاسی و ئابووری و کە لتوورییە کانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵگەکەی شیبکەنەوەو لایە ن و رەهەندە کانی دیاری بکە ن و شرۆڤە ی خاڵە گۆڕاوەکان و چەسپاوەکانی بکەن. چونکە ئەو زەمینەیەی کە رۆمان بۆ هەڵکەوتەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لە ناو دەقەکەیدا فەراهەمی دەکات، جیا لەوەی فراوانتر و مەزنترە، لەهەمانکاتیشدا روونتر و وردترە لە چاو ژانرەکانی دیکەوە، بۆیە کۆمەڵناسی وەکو زانستێك ئە وەندە ی سوود لە رۆمان وە ردەگرێت و نموونە زیندووە کانی ژیان و کۆمە ڵگە ی لێ بە دەست دە هێنێت، بە بە راورد بە ژانرەکانی دیکە سوود وەرگرتنەکەی سنووردارو بەرتەسك دەبێت، ئەمەش بۆ هۆکاری سروشتی پێکهاتەی تەکنیکی وهونەری خودی ژانرەکان دەگەڕێتەوە.

وەرگیراوە و بە (Sociology novel) ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا راستە وخۆ لە زاراوە ئینگلیزییەکە ی (کۆمەڵناسی رۆمان ) دەناسرێت و گەلێکجاریش هەر خودی زاراوە ئینگلیزییەکە (سۆسیۆلۆژیای رۆمان ) بەکاردەهێنرێتەوە، لە زمانی عەرەبییدا زاراوەی ( علم الاجتماع الرواية)ی بۆ بەکاردەهێنن و هەروەها بە (سوسیولوجیا الروایة)ش دەناسرێت و لەزمانی فارسیشدا بە ( جامعەشناسی رمان) دێتە ناساندن.

کۆمەڵناسی رۆمان بایە خ و گرنگی بە لایەنە کانی کۆمەڵگە دەدات و هە وڵ دەدات رێرە وی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە لەرێگای دەقی رۆمانەوە دیاری بکات، بۆیە کۆمەڵناسی رۆمان (( توێژینەوە لە پەیوەندی رۆمان وە کو گوزارشتێکی ئیستاتیکایی لە وێنە ی ئایدۆلۆژیادا بە و جیاوازی و ململانێیە کۆمەڵایە تی و نیشتمانییانە ی کە لە کۆمەڵگە روودەدەن، دیاری بکات و رادە ی شیانی ئە دیب و رۆماننوس لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو جیاوازی و ململانێیانە دا، ئەمە ش تە نیا شتە کە جە خت لەسە ر پەیوەستبوونی ئە دیب بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کان و دیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکان لە و کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیت، روون دەکاتەوە))(أ.د.محمد سعید، ص51) و کاریگەری رۆماننوس دەقەکە ی لەسەر کۆمەڵگەکەی و کارتێکردنی کۆمەڵگەش بەسەرجەم لایەن و رەهەندەکانییەوە لەسەر رۆماننوس و دەقەکەی دیاری بکات. دیارە ئەوەش بۆ ئەو رۆڵە دەگەڕێتەوە کە رۆمان لەناو کۆمەڵگە دا وازی دەکات، چونکە شێوەو ناوەرۆکی رۆمان راستەوخۆ لە دیاردەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە و رۆمانەکان زۆربە ی کات پە یوەستن بە چرکەساتی دیاریکراو لە مێژووی کۆمە ڵگە دا، (( چونکە رۆمان دەقێکە کۆمەڵ نیشان دەدات باشتر لە خۆمان ودەوروبە رمان نیشانمان دەدات، ڕێگە چارەی کێشەو گرفتەکانمان پێشان دەدات ، وامان لێدەکات پەی بە هەڵە و راستییەکانی خۆمان ببەین و بەدوای جیهانێکدا بگەڕێین جوانتر و شکۆدارتر لەوەی کە تێیدا دەژین ، لەگەڵ رابردوومان ئاشت دە کاتە وەو

هانمان دەدات بیر لە ئایندە بکەینەوە گەشبینی بکەین)) (پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی، 2017، ل75)، لەم بارەیەوە زانایانی کۆمەڵناسی بۆ سەلماندنی بیردۆز و تیۆرو بیروڕایە کانیان، گەلێکجاران پەنا بۆ دەقی رۆمان دەبەن و لەویەوە نموونە زیندووەکانی ژیان و کۆمەڵگە بەدەست دەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لەمێژووی رۆماندا پێچەوانەی کۆمەڵناسی رۆمانەوە، بیروڕای ئەوە هەبووە کە رۆمان پەیوەندی بەواقیعی دەرەوەو و کۆمەڵگە نەبوو بێت، لەم رووەو رابەرانی رۆمانی نوێ جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە رۆمان پەیوەندی بەواقیعی کۆمەڵایەتی نییە و ((لەبەر ئەوە هەوڵیانداوە رەهەندی سۆسیۆلۆجی رۆمان بدەنە بەر تانەوە تەشەرو بە ئاشکرا دەڵێنەوە ئەم ژانرە ئەدەبییە لە کۆمەڵگە دابڕین و ئەوە بسەلمێنن کە رۆمان پەیوەندی بە ژیانی واقیعییەوە نییەو گوزارشت لە کێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە ناکات. ئەمان پێی لەسەر ئەوە دادەگرن کە کارەکتەر بوونەوەرێکی زمانییە و باسی واقیعێک دەکات کە تەنها لەسەر کاغەز بوونی هەیە)) (پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی، ل96). هەروەها بیانتخوازەکانیش بەهەمان شێوە دەقی رۆمانیان لە گشت دەوروبەرە دەرەکییەکان دادەبڕی و وایان لەقەڵەم دەدا کە رۆمان پەیوەست بە لایەنەکانی کۆمەڵگە نییە و ((رابەرەگەورەکانی ئەم تیۆرە دەقی رۆمانیان بەسەرخۆدا دادەخست و بەتووندی دژایەتی ئەوەیان دەکرد کە رەخنەگرێک بەدوای دۆزینەوەی پردی پەیوەندی لە نێوان رۆمان و ژیانی واقیعیدا بگەڕێت. بەلای ئەمانەوە رۆمان تەنها بەرهەمێکی زمانییە و گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەمەش نابێت بۆ لێکدانەوەی جیهانی ناو رۆمان پەنا بۆ فاکتەرەکانی دەرەوەو و ئەو سەرچاوانە بەرین کە پەیوەندی بە ژیانی ئابووری و سیاسی ناو کۆمەڵگەوە هەیە)) (پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی، ل97). لەگەڵ ئەو بۆچوونانەشدا کۆمەڵناسی ئەدەب توانی رێچکەی خۆی دابکوتێت و لەناو زانستەکاندا پێگەی خۆی دیاری بکات و بەرچاوی هەبێت و کاریگەری گەورەی لەسەر جیهانی رۆماندا دابڕێت، بەم پێیە کۆمەڵناسی رۆمان شیان و توانای ئەوە بۆ رەخنەگر و لێکۆڵەران دەخوڵقێنێ کە بەهۆی جیهانە بەرین و فراوانەکەی رۆمانەوە ئاشنای کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بن، لە هەمانکاتیشدا کێشەو گرفتە مرۆڤایەتییەکانی ئەو جیهانە دەست نیشان بکەن و لەو رێگەیەوە بەشدارییەکی کارا لە وشیاربوونەوەی مرۆڤ بکەن، بۆیە کۆمەڵناسی رۆمان ((دەبێ وامان لێبکات مێژووی کۆمەڵگەیەک لەکۆمەڵگاکان بخوێنینەوە، نەک لە ئەدەبەکەیەوە، بەڵکو لەرێگای ئەدەبەوە، بەو واتایەی لە رێگای ئەو ئاسەوارە ئەدەبییانەی کە بەرهەمی هێناوە)) (أ.د.محمد سعيد، ص 58) و رەنگدانەوەی لایەن و رەهەندەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا لە خۆگرتووە، لەم روانگەیەوە لەبەرامبەر زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەبدا، رووبەرووی زاراوەیەکی دیکەش دەبینەوە کە ئەویش زاراوەی (کۆمەڵناسی بەهۆی رۆمانەوە)یە، کە ئەم چەمک و تێگەیشتنە لەم زاراوەیە لە زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەب جیاوازە، چونکە زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەب زیاتر دەچێتە چوارچێوەی بازنەی ئەدەبیەوەو لەرێگای یاسا و رێسا ئەدەبییەکان و بەدیدێکی ئەدەبییانەوە کۆمەڵگە و پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی شیدەکرێتەوە، بەڵام زاراوەی کۆمەڵناسی بەهۆی رۆمانەوە زیاتر دەچێتە چوارچێوەی بواری کۆمەڵناسییەوە و هەوڵدەدرێت بۆ سەلماندنی بۆچوون و تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان نموونەکانی ناو دەقی رۆمان بکرێتە بەڵگەو گەواهیدەر، وەکو ئەوەی کە زانایانی کۆمەڵناس لە رێگەی رۆمانەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەن کە چۆن مرۆڤ لە سەردەمێکی مێژووییەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت و سیما و خەسڵەتەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چین؟(هەمان سەرچاوە، ص 101).

لەمبارەیەوەیەکێك لەو فەیلەسووفانەی هەولیدا لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی رۆمانە وە، پەیوەندییە کانی نێوان رۆمان و واقیعی کۆمە ڵگە ی مرۆڤایە تی دیاری بکات (کلۆد لیڤی شتراوس 1908-2009) بوو ، لەمەشدا لە پەیوەندییەکانی رۆمان و ئەفسانەی کۆڵییەوە.

رۆمان لە دیدگای (شتراوس ) ئاکارێکە بۆ شارستانییە تێك، کە یاسا و بۆشایی لۆژیکی تێدا نە بێت، بەشێوەیەك کە رۆمان لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو شتانەی کە لەئەفسانە و داستانەکاندا هەبووە بەدەست بێنێتەوە، بۆ نموونە لەگێرانەوەی لێهاتوویی فلانە پاشادا، کارەکە دەوەستێتە سە ر چۆنییە تی گێرانە وەو وخودی گێرەرەوە، ئەگەر زمانی گێرانەوەکەی و داڕشتنەکەی بە توانا و بەهێز و رێکوپێك و باش بوو، ئە و دەبێتە نموونەیە ك شانازی پێوە دەکە ن. کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمە ڵگای ئە مرۆ سیستە می دووبارەبوونەوەی لە ئەفسانە دەوێت لە زنجیرە لەیەکچووەکاندا کە دوانە ی چاکە و خراپە ی تێدایە و بەسەرکەوتنی چاکە کۆتایی دێت. کۆمە ڵگای ئە مرۆ دیلی رووداوە کا نی مێژووە و ناهێڵی مرۆڤە کانی جارێکی دیکە سیستە می تە واوبوون بدۆزێتە وە. لێرە دا ئە وەمان بەدەست دە کە وێت کە بە ڕای (شتراوس) رۆمان پەیوەستە بە تاکە کانی ناو کۆمە ڵگە و چیرۆکێکی کە سی دە گێڕێتە وە کە بە دوا ی سیستەمێکی گونجاو لەگەڵ دەروونی خۆیدا دە گە ڕێت.ئە و سیستە مەش تە نیا لە رابردوودا هە یە ، کەواتە رۆمان کۆتایی پێ ناهێنرێ و ئەو کۆتایی پێ نە هاتنە ی رۆمانیش بێگومان مرۆڤ وە ردەگێرێ و دەگۆڕێت(مەجید عەبدولرەحمان، ل63-64). بەمشێوەیە رۆمان هەر لە سەردەمی سێرڤانتسەوە تا ئالان رۆپ گرێیە ئەفسانە وەکو هاوشانی مێژوو پیشان دەدات، نەك دژو پێچەوانە ی مێژوو بێت، رۆمانە کانی بالزاك بۆ نموونە پەیوەستە بە ئەفسانەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە(هەمان سەرچاوە، ص 117).

لەلایەن خۆیەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ 1770-1831) لەروانگەی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بایەخێکی زۆری بە پەیوەندییە کانی نێوان رۆمان و شیعر و داستان داوە (( ئەگە ر بگەڕێینە وە بۆ فە لسە فەی کلاسیکی ئە ڵمانی ، کە لە نێوان هە موو تیۆرەکانی بۆرجوازیدا ، پرسی رۆمان ئێجگار بە قووڵی و بەدروستی هێناوەتە ئاراوە، دژایە تی نێوان شیعر و رۆمان وە ك دەستپێك لە روانگە ی خۆی داناوە )) (حەسەن یوسف، 2012،ل18) ، کە بە بۆچوونی هیگڵ (( ئە م دژایەتییە بە هۆی ناکۆکی (پەخشانی ژیان ) لەگەڵ (شیعری دڵ) پێکهاتووە)) ( صیری حافظ،1983،ص77).بەپێی تیۆری هیگل بەهۆی ئە وەی کە مێژوو بە قۆناغ دەگوازرێتەوە لە نەستەوە بۆ هەست و لە هەستەوە بۆ زیاتر لە هەست، بەڵام کاتێك عەقڵی گشتگیر بەخودی خۆی وشیار دەبێتەوە زۆر ئاساییە، کە مرۆڤایەتی لە شیعرەوە بەرەو پەخشان بگوازێتەوە، بۆیە سروشتییە شیعر لە پێش پەخشان سەر هەڵبدات، چونکە هۆشیارییەکەی کەمترە، کە پێوانە ناکرێت. پەخشان هزرێکی وردە و قووڵاییەکی هەیە کە لەشیعردا بوونی نییە . لێرەشدا هیگڵ لەوناونانی داستانە نوێیەکانی وەکو ئەنیادەو کۆمیدیای خودایی .....تاد، بە داستانی دروستکراو دانا . دیارە ئەمانەش هەموویان داستانی شیعرین. ئەو داستانە دروستکراوانە لە هەوڵێکی بەردەوامی عەقڵ لە فۆرمێك لە فۆرمەکانی ئەدەب زیاتر نین، کە ئەو تەجاوزی پێکرد. لەمەوە رۆمان لە داستان دروست بوو، هەروەها پەخشان لە شیعر دروست بوو،

لە چوارچێوەی ئەم بیرۆبۆچوونانەوە (جۆرج لۆکاش 1885-1971) وەکو تیۆریستێکی رۆمان لە لایەکە وە کەوتە ژێر کاریگە ری بیروڕایە کانی (شتراوس ) و لەلایە کی دیکەشە وە لە ژێر کاریگە ری بیروڕایە کانی (هیگڵ)دا لە رۆمانی کۆڵییەوە.

(لۆكاش) جەخت لەسە ر ئە وە دەكاتە وە كە رۆمان ژانرێكی سە ربەخۆیە و لەهە ردوو رووی شێوە و ناوەرۆكەوە لە داستان جیا دەبێتەوە، ئەو جیاكردنەوەیەش لە دوو ئاستدا دەبێت، ئاستی یەكە م بریتییە لە پەیوەندی كاراكتە ر بە جیهانە وە، ئاستی دووەمیش پلە پلە كردن و پۆلینكردنی جیهان بە پێی قۆناغەكانی پێشكەوتنی(تەها ئەحمەد رسول، 2009،ل68-69).كاتێكیش لۆكاش رۆمان لە داستان جیا دەكاتەوە، مەسەلە تەنیا پەیوەست بە شیعر و پە خشان ناكات، بە ڵكو ئە م پرۆسە یە پەیوەستە بە وێنە ی زەینی جیهان، بە و واتایە ی مەسە لەی ریزبەندكردنی جیهانە بەشێوە یەكی ریزبەندییە كی ماددی، كە ریزبەندكردنی جیهانیش بە ماددییەت بێت، ئەوا بۆرژوازی بەتەنیا رووبەرووی جیهان دەبێتەوە بەبێ خواوەندێك، كە دژی بێت یاخود لەگەڵیدا بێت. بۆرژوازی وای دەبینی كە ئە و بەتە نیا رووبە رووی جیهان بۆتەوە، بەڵام لە لایەكی دیكەوە ئەوەش دەبینێ كە جیهان پشتی تێ ناكات . جیهان ئە گە ر دەستی لەوە هەڵگرت كاری تێدا بكات دە رووخێت . بۆیە وێناكردنی داستان بۆ جیهان وێناكردنێكی ئوروستوكراتی بوو، بە ڵام وێناكردنی رۆمان بۆ جیهان وێناكردنێكی بۆرژوازی بوو (حە ننا عەبود،2010،ل32).

دیارە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین كە تیۆری رۆمان، تیۆرێكی بەتەواوەتی ئەوروپییە ، بە و واتایە ی كە یەكەم بایەخدانێك بۆ دیاریكردنی تایبەتمەندی و سیماو خەسڵەتەكانی رۆمان و رەگاژۆ بوونی لە مێژوودا لە ئەوروپادا بووە، ئەم بیروبۆچوونانەش لە چەندین فەلسەفەو بیرۆبۆچوونی جیاجیادا هاتۆتە ئاراوە، كە دواجار بووەتە هۆكاری دەوڵەمەندبوونی تیۆری رۆمان . لە لای (لۆكاش ) تیۆری رۆمان لە دوو قۆناغدا دەبینرێتەوە، قۆناغی یەكەم لەرێگای كێبە بەناوبانگەكەی ( تیۆری رۆمان) كە لەساڵی (1914) نووسی و لەساڵی (1920) بڵاوكرایە وە، هە روەها كتێبی (مێژوو و وشیاری چینایە تی) كە لەساڵی ( 1923) بڵاوكرایەوە، كە دواتر لە بیرورایەكانی ئەو قۆناغە پاشگەز دەبێتەوە (فاید محمد، 2014، ص101).(لۆكاش ) لە پێشكەییەكدا كە لەساڵی (1963) كە بۆ چاپی نوێی كتێبە كە ی (تیۆری رۆمان ) نووسی، ئە وەی دەرپری كە ئە و تیۆرە ی لە بارەی جۆرەكانی رۆمان گوزارشتی لێكراوە دەركە وت زۆر ئەبستراكت و گشتییە ، تیۆرێكە بەرهەمە كانی (بالزاك و فلۆبێر و تۆلستۆ و داستایوفسكی ) چەواشە دەكات و رۆماننوسانێكی وەكو ( دیڤۆ و فیلدنگ وستانداڵ) هیچ جێیە كیان لەوێدا نییە (جین پاركنسۆن، 2011، ل151). قۆناغی دووەمیشی لە بڵاوكردنەوەی راپۆرتێك لە بارەی رۆمانە وە دەست پێدە كات، كە دواتر بەناوی (رۆمان، داستانی بۆرژوازییە) لەساڵی (1935) بڵاوی كردەوە.

هەر چەندە لە كتێبەكەیدا (تیۆری رۆمان) (لۆكاش) لە حەوت بەشدا جەخت لەسەر بیرورایە كانی خۆی دەكاتەوە و ئاماژە بەوە دەكات كە رۆمان ئەو فۆرمە ئەدەبییە كە خاوەن زۆرترین دە لالەتە لە كۆمە ڵگای بۆرژوازی، هەر چەندە پێشتر ئاسەواری ئەدەبی دیكەش هەبووە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییانەی كە رۆمان هەیەتی وای كردووە ببێتە ئەو فۆرمە ی كە گوزارشت لە كۆمە ڵگای بۆرژوازی بكات، بۆیە رۆمان بە پێچەوانەی ژانرەكانی دیكە بووە بە فۆرمێكی نموونەیی بۆ بۆرژوازییەتی هاوچەرخ. سەرهەڵدانی رۆمان پەیوەندییەكی پتەو و راستەوخۆی بە و رۆشنبیری گێرانە وەی چاخە كانی ناوەڕاستدا هە یە ، ئەمە ش لەكاتێكدا كە ئەو رۆشنبیرییەی چاخی ناوەڕاست دووچاری داڕووخانێك هاتەوەو زیاتر خەسڵەتە بازرگانی و بۆرژوازییەكان شوێنیان گرتنە وە، لە ئەنجامدا هێڵە گشتییە ئیستاتیكییە كانی رۆمان زیاتر لە گە ڵ فەلسەفەی كلاسیكی ئەڵمانیدا لێكۆڵینەوەی لەسەر كرا، بە مجۆرە خەسڵە تەكانی تیۆری رۆمان لە و ماوەیەدا دارێژرا و جێگە ی خۆی گرت .ئەمە ش ئە وە دەگەیە نێت كە پەرەسە ندنی چینی بۆرژوازی

تیۆرێکی تەواو و رێکخراوی لەبارەی رۆمانە وە پێشکە ش نە کردووە، بە ڵکو دیاریکردنی خە سڵە تەکانی رۆمان زیاتر پەیوەستبووە بە کلاسیکییەتی ئەڵمانی کە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی بنەمادا مەسە لەی تیۆری رۆمانی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

هە ر لە م چوارچێوەیەشدا ( لۆسیان گۆڵدمان 1913-1970) بۆچوونە کانی لەمە ڕ کۆمەڵناسی رۆمان دەخاتە ڕوو و جە خت لەسە ر رۆڵی رۆمان لە هۆشیاری تاکە کانی ناو کۆمە ڵگە دەکاتە وە. لە م بۆچوونانەشیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بۆچوون و تیۆرە کانی نووسە رانی دیکە وەوە. لە م رووەوە لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی (لۆکاش)دا ئەگە ر چی لە هەندێك شوێن رە خنە ی لێدە گرێت و لێی جیاواز دەبێتەوە، بەڵام لەژێر بۆچوونەکانی (لۆکاش)دا درێژە ی بە کارەکانی دا، بە و واتایە کی دیکە دەتوانین بڵێین بیرورایەکانی (لۆکاش)ی راست کردۆتەوەو بەرەو پێشی بردووە. هە روەها کەوتۆتە ژێر کاریگە ری مادديیەتی مێژوویی (مارکس )ەوە و هە وڵی داوە رەهەندە سیاسی و کۆمە ڵایەتییە کانی بەرهە می نووسەران لە ژێر رووناکی ئەم تیۆرەوە شی بکاتەوە. جیا لە مانە ش (گۆڵدمان ) کەوتۆتە ژێر کاریگە ری بیرورایەکانی (هیگڵ)ەوە، ئەگەرچی لە واتاو فۆرمی دیالێکتیکی لێی جیا دەبێتەوە.

گۆڵدمان لە کتێبەکەیدا ( پێشە کییەك بۆ سۆسیۆلۆژیای رۆمان ) کە لەساڵی (1964) بڵاویکردە وە، ئاماژەی بە بۆچوونەکانی (لۆکاش و ژیرار) دەکات و سەرەڕای روونکردنەوەی جیاوازی لە بۆچوونە کانیان، خاڵە هاوبەشی و جەوهەرییەکانی نێوانیان پیشان دەدات کە وای دەبینن ((رۆمان بە و پێیە ی مێژووی بەدواگەڕانێکی ئاست نزمە بۆ بەهای رەسەن لە جیهانێکی بێ بە هادا، لەهەمەمانکاتیشدا ژياننامە و مێژووی کۆمەڵایەتییە. رووداوی سەرەکی و گرنگیش بەتایبەتی ئەوەیە کە بارودۆخی نووسەر سەبارەت بەو جیهانەی کە لە رۆمانەکەی دایهێناوە، لە بارودۆخی جیهانی گشت فۆرمە کانی دیکە ی ئە دەبی جیاوازە، ژیرار ئەو بارودۆخە بە (گاڵتەو پێکە نین) ناوزە د دەکات، بە ڵام لۆکاش بە (تە نز) ناوی دە بات، هەردووکیشیان لەسەر ئەوە رێککە وتوون کە پێویستە رۆماننوس وشیاری پاڵە وانە کانی تێپە ڕێنێت))( لوسیان غولدمان،ص18).بەم پێیەش رۆمان دەبێتە گێرانەوەی ژياننامەو مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە سەردەمێك دیاریکراودا کە رەنگدانە وەی گشت رە گە زەکانی ئە و سە ردەمەی لەسە ر دەبێت . بۆیە رۆمان ((بەو مانایەی کە لۆکاش و ژیرارد بەدەستەوەیان داوە، وا پێدەچێت جۆرێکی ئەدەبی بن کە تێیدا ناکرێت بەهای رەسەن لە داهێنەردا لەرێگای کارەکتەرە وشیارەکان و رووداوەکانە وە ئامادە یی هە بێت، ئەو بەهایانە تەنیا لەشێوەی رووت و وێناکراو لە وشیاری رۆماننووسدا بوونی هە یە کە سروشتێکی ئاکاری وەردەگرێت)) ))(لوسیان غولدمان، ص 20)،بە و واتایە ی کێشە ی رۆمان لە وەدایە کە وشیاری رۆماننوس بەشێوەیەکی رووتی و ئاکارییەوە ، بکەینە رەگەزی جەوهەری داهێنەر، بۆ ئە وەی رۆمان لە چوارچێوەی ژياننامە و مێژووی کۆمەڵایەتی بخرێتە ناو چوارچێوە ئیستاتیکەیەوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە (میخائیل باختین1895-1975) دوای ئەوەی پەردە لەسەر بەرهەمە کانی لابردرا و بڵاوکرایەوە، تیۆرییەکەی لەبارەی رۆمانەوە ئاشکرابوو. لەم ڕووەوە بەیە کێك لە کاریگە رترین دارێژەرانی تیۆری ئەدەبی دادەنرێت لەسەدەی بیستەمدا. (باختین) لە تیۆرەکەیدا لەبارەی رۆمانە وە، هە ر چەندە لەگەڵێك لایەنەوە پێچەوانەی تیۆرەکەی (هیگڵ و جۆرج لۆکاش و لۆسیان گۆڵدەمان) کەوتەوە، بەڵام لە هەندێك رووە وە خاڵی هاوبە ش و نزیکایە تی لە نێوان بیرورایە کانیان بە دی دەکرێت، ئە مە ئە وە دەگەیەنێت کە ئەگەر چی جیاوازی لەنێوان بیرورایەکانیاندا هە یە ، بە ڵام لەگە ڵ ئەوەشدا روانگە کانی (باختین و گۆڵدمان) یە کتری تە واو دەکە ن ((روانگە ی گۆڵدمان لە مە ڕ پووکانە وەی تاك و قارە مان لە

رۆماندا و روانگەی باختین لە مەڕ توانە وەی سوپژکتیڤیتە لە دوو چەشنی و فرە دەنگیدا ، دوو لایە نی یەك دیاردەن)) (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، ل 162).بەمشێوەیە ئەم دوو روانگەیە تەواوکەری یەکترن و ئاوێتەکردنیان لە گەشەی کۆمەڵناسی رۆماندا پێشکەوتنێکی گرنگ دە ستە بەر دەکات . لەکاتێکدا لایە نی جیاوازی نێوانیان ئەوە بوو کە (باختین ) پشت بە ستن بە و نە ریت و ورووژاندنانە ی ئە دەبی کە پەیوەندن بە ململانێی چینایەتی و ماددییەتی مێژووییە وە، گەیشتە ئە و ڕاوبۆچوونە ی کە هیچ پە یوندییە ك وەکو بنەمایەکی سەرەکی پشتی ببەسترێت لە نێوان داستان و رۆمان لەلایەك و لەنێوان بۆرژوازییەت و رۆمان لەلایە کی دیکە وە نییە . (باختین ) پێیوایە جیاوازی هە یە لە نێوان رۆمان و داستان، چونکە داستان مێژوویەکی کۆنی هەیە و کاریگەری لەسەر بابەتەکانی شانۆ و شیعری لیریکی هەبووە، بەو واتایەی کە داستان جۆرێکی سەربەخۆی ئەدەبی بووە ، بە ڵام رۆمان لە و سە ردەمەدا جۆرێکی ئە دەبی نە بووە. هەروەها سیماو خە سڵە تەکانی داستان چە سپاون و نە گۆڕن، بە ڵام خەسڵە ت و سیمای تایبە تی ونەگۆڕ و چەسپاو لە رۆماندا بەدی ناکرێت، چونکە داستان جیهانێکی دروستکراوە و رۆمان جیهانێکە بەردەوام دروست دەکرێت و بنیاد دەنرێتەوە، بۆیە داستان تەواوکراوە، بەڵام رۆمان پرۆژەیەکی کراوەیە و شیانی پێشکەوتنەو پەرەپێدانە و شایەنی داخراوبوون نییە. هەروەها لە داستاندا یەك وێناو بینین هەیە بۆ جیهان، بەڵام لە رۆماندا یەك وێناو بینین بۆ جیهان نییە، بەڵکو رۆمان فرە وێناو بینینە. کارەکتە رەکانی داستان، کارەکتەری جێگیر و نەگۆڕن، بەڵام رۆمان جیهانی کارەکتە رە گۆڕاوەکانە (حە ننا عە بود، ل42-45).

هەروەها لەلایەن خۆیە وە (بیار ف .زیما ) لە چوارچێوەی زمانەوانییە وە هەوڵیداوە پەیوەندی رۆمان ب ە واقیعی کۆمەڵگە شیبکاتەوە، لەمبارەیەوە پێیوایە ئەوانە ی لە چوارچێوەی ئە وەی کە دەق بەڵگەیە کی تەواوە، شیکار و راڤەکاری بۆ رۆمان دەکەن، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ فەرامۆش دەکە ن ئە ویش ئەوەیە کە تا چ ئاستێك دلالەت و گێرانەوە رووداوی کۆمەڵایەتی لە رۆماندا پێکدەهێنن. لەهەمانکاتیشدا ئەوەش پشتگوێ دە خە ن کە تا چ رادە یە ك دەقی رۆمان پە یوەستە بە بنیادی زمانە وانی کۆمەڵایە تی لە سەردەمێکی دیاریکراودا، چونکە لێرەدا مارکسییەکان زیاتر بایەخ بە ناوە رۆکی رۆمان دە دەن، لەکاتێکدا بەشێك لە رەخنە گر و لێکۆڵە ران بایە خ بە فۆرمی رۆمان دە دەن، لە م ناوەشدا بیروڕای سێیە میش هاتۆتە ئاراوە کە بەشێکن لە قوتابخانە ی سیمالۆژی هاوچە رخ کە پێیان وایە ناوە رۆك فۆرم بەمجۆرە شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ رۆمان، بەو واتای شیکردنەوەی رۆمان وەکو ممارسەیەکی .خۆیەتی زمانەوانی کە لەناو زماندا وەکو دلالەتێك ئاراستەکراوە، لە شیکردنە وەی کۆمەڵایە تی بۆ رۆمان جیاواز دەکەوێتەوە، بەو پێیە ی کە شیکردنە وەی کۆمەڵایە تی رۆمان لە دەروبە رو بارودۆخی کۆمە ڵایە تی و مێژوویی دەقی رۆمان دەکۆڵێتەوە، لەکاتێکدا شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ رۆمان هەوڵدەدات لە بارودۆخی بەرهەمهێنانی رۆمان بکۆڵێتەوەو چرکەساتەکانی بەرهەمهێنانی رۆمان بەو پێیەی کە مومارەسە یەکی زمانەوانییە دیاریبکات . لەهەمانکاتیشدا پە نجە بخاتە سە ر کێشە و گرفتە کانی نووسینیش، چونکە هەڵبژاردنی شێوازی نووسین پەیوەست و گونجاوە لەگە ڵ واقیعی کۆمە ڵایە تی و بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەو زمانەی کە بەرهەمی رۆمانەکەی پێ دەنووسرێتەوە.

لەمبارەیەوە (بیار ف.زیما ) پێیوایە کە کۆمەڵناسی رۆمان لە دوو گریمانە ی سە رەکییەوە پێکدێت کە تەواوکە ری یەکدین، یە کە میان جە خت لەسە ر تاکایە تی دەکاتە وەو بەشێوە یەك کە چارەنووسی تاکایەتی لە نێو بەرهەمەکە دا رەنگدەداتە وە. دووەمیشیان جە خت لەسە ر ئە وە دەکاتە وە کە رۆمان

دەقێکی واقیعییە و هەموو ئاراستە زانستییەکان و ئەو ماددییەتە چینایەتییەی کە وێنای دە کات، لە خۆ دەگرێت، ئەمە سەرەڕای شیکردنەوەو راڤەکردنی ئەو یاسایانەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن. بۆیە رۆمان لەو چەند دەیەی دواییدا وای لێهاتووە بۆ هەموو چین و توێژێك دەنووسرێت و گشت ره گه زو تەمەنێك دەگرێتەوە، چونکە تاکایەتی و واقیعییەت تەواوکە ری یەکدین و خاڵی هاوبە شی نێوانیشیان جیهانبینییە (أ.د. محمد سعید،ص 48-57).

تەوەری دووەم

بەرجەستەکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

کۆمەڵگەی کوردی لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری رامیاری و کۆمەڵایەتی و مێژوویدا، خاوەنی کولتور و داب و نەریتی خۆیەتی، کە بەدێژایی رۆژگار و بەپێی گۆرانکارییەکانەوە ژیانی لەسە ر بە ردەوام کردو وە، لەهەمانکاتیشدا دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت بووە . ئە م بارودۆخە کۆمەڵایەتییەشی لە ناو هۆنراوە و داستان و چیرۆك و رۆماندا رەنگیان داوەتەوە. (( رەنگدانەوەی ئەو بابەتانەش لە دنیای ئەدەبدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدەبی بەر لەوەی نووسە ر بێت مرۆڤە و بونە وەرێکی کۆمەڵایەتییە . جا هە ر کێشەیەکی کۆمەڵگا کێشە ی ئەمیشە . هۆکاری دە ست لە سە ر دانانی نووسە رانیش لەسە ر ئە م بابەتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیانەوێت کۆمەڵگایەکی نموونەیی دوور لەو گرفتانە بخوڵقێنن، هە میش بتوانن کۆمەڵگا بۆ رێگای راست و تەندروست ئاڕاستە بکەن)) (کانیاو رەحمان، 2015، ل 117)، ئەمەش لە ڕێگای ئەو دەقانە ی کە لە و ماوەیە دا نووسیویانە بە رچاو دەکە وێت، کە توانیویانە رووداو و بابەتە کۆمەڵایەتییە کان لە ناو رووادوەکانی رۆمانە کانیان جێ بکە نە وە و کولتووری و داب و نە ریت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان شەن و کەو بکەن و بەهۆیەشەوە کاریگەری ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە لەسە ر کارەکتە ر روون بکەنە وە و ئاستی کۆمە ڵایە تی و دەروونی کارە کتە رەکان بە دیار بخە ن. ئێمە لێرە دا هەندێك لەو بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییانە باس دەکەین کە لەناو رۆمانەکاندا بەرچاو دەکەون:

ـ نەخوێندەواری:

نەخوێندەواری لەمپەرێکی گەورەی بەردەم پێشکە وتنی کۆمەڵگەیە ، چونکە کۆمەڵگە ی نەخوێندە وار، کۆمەڵگەیە کی داخراو و ناهۆشیارە و توانای جووڵان و گۆرانکاری و پە رەسە ندنی نییە . پە تای نەخوێندە واری راستە وخۆ کاریگەرییە کی نە رێنی لەسە ر گەشەسە ندنی لایە ن و رەهەندە کانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگە دادەنێت و هەرگیز رێگای ئەوە نادات ئەو بوارانە بە شێوازە سروشتییەکەی خۆیان بەرەو پێشەوە بچن و گۆرانکاری لە هزر و بۆچوونی تاکە کانی کۆمەڵگە بکە ن. بۆیە لە زۆرێك لە وڵاتان بە رنامە و پلان و بودجە ی پێویست و قە بە تە رخان دەکرێت بۆ گژداچوونە وەی نەخوێندە واری و دروستکردنی کۆمە ڵگەیە کی خوێندە واری تەندورست، یە کێك لە م رێگایانەی کە وەکو هۆشیارییە ك و بەگژداچوونەوەیەکە بۆ ئە و پەتایە ئەدەبە و لەناوییشدا رۆمان ئە و پانتاییە فراوانەیە کە دەکرێت کاری رووبەرووبوونەوەی نەخوێندەواری تێدا بکرێت و خوێنەرانی لەمبارەیەوە وشیار بکرێنەوە.

لەمبارەیەوەلە رۆمانی (**ژانی گە ل**)ی (**ئیبراهیم ئە حمە د**)دا نەخوێندە واری لەلایەکە وە وەکو دیاردەیەکی نەخوازراو و نەرێنی سە یر کراوە و لە رەوتی رووداوەکاندا وە کو خە وشێك بۆ کارە کتەرەکە وێناکراوە. ئەوەتا کاتێك (جوامێر) باسی ژیانی تایبەتی (لاوە) دەکات، وە کو ئاماژە یە ك بۆ شکاندنە وەی ئەو ئافرەتەی کە دایکی بۆی خواستووە و بووەتە هاوسەری، باس لە نەخوێندە واربوونی دەکات، وە کو ئەوەی کە خەوشێکی گەورەیەو لەرووی کۆمەڵایەتییە وە بووەتە جێگە ی تانە و تەشە ر ((**تۆ خۆشت دڵت چووبێت بەکچێکی تایبەتیدا و بە هیوای هێنانی بیت . کە چی بچیت لە سە ر قسە ی**

**دایکت کچێکی ناشیرینی نەخوێندەواری لەخۆت چەند ساڵ گەورەتر بهێنێت ئەم چییە کچی خاڵتە!**)) (ژانی گەل ل55).ئەم جۆرە بێروانینە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئیدی مە سە لەی نەخوێندە واری لەناو کۆمەڵگەدا بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بە چاوێکی نە رێنی سە یرکراوەو وەکو پە ڵەیە ك بۆ کەسایەتییەکە هاتۆتە ژماردن.

لەلایەکی دیکەشەوە وەکو بەرهەمی عەقڵییەی دە سەڵاتدار کە هەمیشە هە وڵ دەدات کەسانێکی نەخوێندەوار بکاتە بەرپرس و نازو نیعمە تی بەسە ردا ببارێت، بێگومان دە سە ڵاتی دیکتاتۆر هە میشە سوود لە کەسانی نە خوێندە وار و یاخود ئە و کەسانە ی ئاستێکی نزمی نە خوێندە وارییان هەیە ، وەردەگرێت و بە پارە و پۆست دەستەمۆیان دەکات و کارە قێزەونە کانیان لە دژی هاوڵاتیی پێ ئە نجام دەدات. لەدیمەنێکدا رۆماننوس پەنچە لەسەر ئەو دیاردەیە دادەنێت کاتێك (جوامێر) لەدوای ئازادبوونی لە زینداندا سەردانی خزم و کەسوکارەکانی دەکات، روو لە ماڵە خاڵۆزایە کی باوکی دە کات، کابرا خۆی لەماڵەوە نەبوو، کاتێکیش هەواڵی مێردەکەی لە ژنەکەی پرسی کە لەکوێیە و چی دەکات بەمشێوە یە هاتە ئاخافتن: (( **ژنەکە بەلووت بەرزییەکەوە وتی:**

**ـ مەئموورە، لەدایەرەیە؟**

**جوامێر بە حەپەسانێکەوە پرسی:**

**ـ مەئموور؟**

**ـ بەڵێ مەئموور! چی تیایە! ئەوانە ی بوون بە مە ئموور چییان لە و زیاترە ، ئە رێ وەڵڵا ، لەسایەی خوا و حکومەتەوە مودیری بانقیشە.**

**ـــ مودیری بانق؟ سەیرە! مەجیدی خاڵۆزام خوێندنی سە رەتایی تە واو نە کردووە، چۆن مودیری بانقە**)) (ژانی گەل ل128).لەم دەمەتەقێیەدا رۆماننوس هەوڵی داوە سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکەی بخاتە گەنگەشەکردنەوەو ئەوە روون بکاتەوە کە دەسەڵات هەمیشە بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ کەسانی نەخوێندەوار دەبات و جومگەکانی کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان دەخاتە ئەستۆیان، بێگومان لە حاڵەتێکی وادا بەڕێوەبردن و یاسا و دادپەروەری نامێنێت و گەندەڵی تەشەنە دەکات، ئەمە ش لەبە ر ئەوەیە کە کەسانی نە خوێندە واری بە ئاسانی دە ستە مۆ دەکرێن و خۆیان بە لەزەتە کانی ژیان دەفرۆشن، کەچی کەسانی خوێندە وار و رۆشنبیر هە رگیز سە ر بۆ لایە نە ماددییەکە شۆڕ ناکە ن و هەمیشە بەوشیارییەوە بەرەی گەل هەڵدەبژێرن، خۆ ئە گە ر ئە وانیش بە دوای پارە و پۆست کە وتن، ئەوکات ئەوانیش لەبەری گەل و رۆشنبیران دێنە دەرەوەو دەچنە بەرەی نەخوێندەواران.

لەرۆمانی (**هەرەس**)ی (**محەمەد موکری**)دا نەخوێندەواری وەکو دەردێکی گەورەی کۆمەڵگە پیشان دراوەو رۆماننوس بۆ شیکردنەوەی لایەن ورەهەندە کانی کارەکتە رەکان بە کاری هێناوە ، هە روەها رۆڵ و پێگە ی ئە و نەخوێندەوارییە لە چارەنووسی کۆمە ڵگە و هە وڵ وبزاڤ و شۆڕشە کانیدا خراوەتەڕوو. لە باسکردنی (حەمە)ی کارەکتەردا ئاماژە بەوە دەکات کە نەخوێندەواری رێگر نییە لە شۆڕش و راپەڕیندا، بەڵام شۆڕش و راپەڕین هەر رووخاندن نییە، بەڵکو دروستکردنەوەشە، ئەم دروستکردنە وەیە پێویستی بە خوێندن و زانین هەیە، لە م رووەوەش (حەمە ) وەکو گلە یی کردنێك لە خۆی ئاماژە بەنەخوێندە وار بوونی خۆی دەکات (( **چەندیان پێ وتم لەلای مەلا رەشید بخوێنە با سەوادار بی و فێر بی!!**

**کەچی بەقسەی کەسم نەکرد، هەر خەریکی قیتە قیت بووم ، دەنا ئێستا منیش هەندێکم دەزانی و هەندێ تێدەگەیشتم........ ئەگەر چی میرزا دەیفەرموو: (ــ کوڕینە، نەخوێندەوار، بێ سەواد، دەزانێ بروخێنێ لەهەموو کات و سەردەمێکدا دەتوانی بەشداری ئەم کارەی ئێمە بکات... بەڵام کاری ــ ئێمە ش ـ تا سەر! هەر ڕووخاندن نی یە ، گەرچی ئێستاکێ روخاندن سەرەکی یە... بەڵام دەبێ بزانین: ڕوخاندن لە پێناوی بناغە دروست کردندایە .. جا ئێوە بڵێن: چ بێ سەوادێ دەتوانێ دروست بکات؟ ))** (هەرەس ل45)، لێرەشدا کاریگەری نەخوێندەواری لەسەر هەوڵی پێگەیاندن و بنیادنانی کۆمەڵگە، بەتایبەتیش کۆمەڵگەیەك کە لەحاڵەتی شۆڕش و گۆڕانکاری دایە،بەدیار دەکەوێت. سەرەڕای ئەوەش کارەکتەرێکی هۆشیار و رۆوناکبیری وەکو (میرزا) وێنا کراوە ، کە زیاتر کاریگەرییەکانی نەخوێندەواری لەسەر شۆڕش و کرداری خەبات و تێکۆشان بەدیارخستووە، لەهەمانکاتیشدا ئەوەی روونکردۆتەوە کە شۆڕش پێویستی بە کەسانێکی خوێندەوارە بۆ دووبارە دروستکردنەوە، چونکە ئەوەش ئەرکێکی گرنگی شۆڕشە . لەگەڵ ئەوەی کە (حەمە)ی کارەکتەر نەخوێندەواریش بوو، بەڵام بەهۆی ئەزموونەکانی ژیانەوە توانای لێکدانەوەی بارودۆخەکەی هەبوو و لێی تێدەگەیشت و تاڕادەیەك سەردەرەی لە شتەکان دەکرد، بەڵام ئەو نەخوێندەوارییەی کە مەبەستە چوارچێوەی گشتییەکەی کە بەهۆیەوە کەسێکی رۆشنبیرو هۆشیاری لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین (حەمە)ی کارەکتەر لەڕووی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هۆشیار بووە و تێگەیشتووە ، بەڵام لەناو بازنە فراوانە رۆشنبیرییەکەوە، بەهۆی نەخوێندەوارییەوە توانای سنووردار بووە،لەدیمەنێکی دیکەدا ئاستی خوێندەواری (خەجێ)ی کارەکتەر بەدیاردەخرێت، بەتایبەتیش کە دوای جێهیشتنی (ئەحمەد)ی کوڕی و چوونە ناو پێشمەرگەوە، ئیدی ئەو ژیانە تەنیایەی خۆی بۆ فێربوون و رزگاربوون لەنەخوێندەواری تەرخان کردووە **(( ئاخ کە ئێستا نازانێ لەوەتەی چووەتە (دەرێ) چەندم هەوڵداوە خۆ فێرکەم، چەند شەو و ڕۆژم داوەتە دەم یەکەوە، گەشەم بە کوێرە خوێندەوارییەکەم داوە. نازانێ هەر خۆم، بێ یارمەتی چ کەسێ، بە یاننامە و جەریدە کانم دەخوێندەوە))** (هەرەس ل392).ئەم هەوڵەی کە (خەجێ)داویەتی بۆ ئەوەی لە نەخوێندەواری رزگار بێت ، خودی و تاکەکەسییەو بێ یارمەتی هیچ کەسێك، یان دامودەزگایەکی فەرمی حکومی بێت، خۆی خۆی فێرکردووە و بەهەوڵ و ماندوبوونەکانی خۆیەوە لەنەخوێندەواری چوتە دنیای خوێندەوارانەوە. کە دیارە ئەمەش لە ئەنجامی هۆشیاری تاکەکەسییەوە سەرچاوەی گرتووە ، بێگومان ئەو کارەکتەرە هەندێکی بەرزی هۆشیاری هەبووە، لەبەر ئەوەی بەهەوڵی تاکەکەسی خۆی لەنەخوێندەواری رزگاری بووە، کە ئەمەش شەونخونی و ماندووبوونێکی زۆری هزری و جەستەیی دەوێت. لەدیمەنێکی دیکەدا رۆماننوس ئاماژە بە خانەوادەی (نەسرین) دەدات و نەخوێندەواری باوکی وەکو هۆکارێك بۆ بێ تاوانی بەکاردەهێنێت، ئەمەشلەدیارکردنی ئەو نەخوێندەوارییەی باوکی نەسرینەوە کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوەو بەوپەڕی بێ بەزەییەوە ئازار وئەشکەنجە دراوە بەدیار دەکەوێت (( **ئەوی بەو باوکە نەخوێندەوار و بەستەزمانەی دەکەن مەگەر هەر لەدەستی (ئەوان)دا بێت ئیفلیج دەبێ.**)) (هەرەس ل200).لێرەدا زیاتر بەمەبەستی ورووژاندنی هەست ونەستەکانی خوێنەرە و دیارخستنی رادەی بێ تاوانی باوکییەتی. هەر بۆ دەربازبوون لە و تاریکی و دیکتاتۆرییە تەیە کە هیچ بەزەییەکی بە کەسێکی نەخوێندەواری بەستەزمان نایەتەوە، (نەسرین) پەیوەندی بەشۆڕش دە کات و لەوێش جیا لە ئەرکی پێشمەرگایەتی، ئەرکی فێرکردن و پێگەیاندنی کەسانی نەخوێندەواریش لە ئەستۆ دەگرێت. ئەوەتا لەدیمەنێکدا کارەکتەرێکی وەکو (عەلی بابە زادە) بەو تەمەنە زۆرەیەوە فێری

خوێندن و نووسین ده کات و له تاریکیی نه خوێنده واری رزگاری ده کات **(( له م ماوەیه دا به هۆی نەسرینەوه فێری خوێندەواری بوو، زیرەکی یەکی ئەو تۆی نواند کەم کە س له و تەمەنه دا پێی دەکرێ، به چەند مانگێك ئاستی خوێندەوارییەکەی بگەیەنێت ڕادەیێك، بێ یارمه تی چ خوێنەوارێك نامه بخوێنێتەوه ، نامه بنووسێ، هەر کەفێری خوێنەواری بوو قسه یێکی ئه و تۆی کرد، هه ر هه موو پێشمه رگەکانی حەپەساند : شۆڕش وادە بێ، شۆڕش یانی فێرکردنی خه ڵك و هاندانیان، کە به رەو چاکه هه نگاو بنێن و له خراپه دوور کەونه وه))** (هه رەس ل502).لێرەشدا ئاماژه بەیه کێك له خەسڵه تەکانی ئه و شۆڕشه ی دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولەوه باس دەکات، کەجگه له کاری پێشمه رگایەتی و خه بات و تێکۆشانی چه کداری، خەبات وتێکۆشانی رۆشنبیری و پەروەردەییشی له ئەستۆ گرتبوو، ئەمەش خاڵی جیاکه رەوەی بوو له شۆڕشی ئەیلوول، کەلەلایەن رۆماننوسەوه یەکێك لەهۆکارەکانی هەرەسهێنانه کەی بەنەخوێنده واری کادیر وبەرپرسەکانییەوه دیاریکرابوو. ئەمەش کارەساتێکه بۆ خۆی، که بەرپرسیارەتی شۆڕش لەدەست کەسانی نەخوێندەوار بن، دیاره ئەمەش هۆکارێکی کاریگه ری شۆڕشه که بووه . لەدیمه نێکی دیکه دا له زاری کوردێکی سنه ییەوه ئاماژه به وه دەکرێت که نەخوێنده واری بەرێژەیه کی زۆر له رۆژهه ڵاتی کوردستان لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا بڵاوبوویته وه، ئه و کەسه وەکو ئامۆژگارییه ك که پێشکەشی (ئەحمه د) دەکات به و سیفه تەی پێشمه رگەی شۆڕش بووه ، بۆ ئه وەی پشت به (شا )ی ئێران نەبەستن، چونکه ئه و مافی کورده کانی خۆی نادات، چۆن پشتگیری کوردی عێراق ده کات تا به مافەکانیان بگەن ، بۆیه پێی دەڵێت: (( **برا ئەوا ئێمه زۆربەی هەره زۆرمان نەخوێنەوار و کلۆڵین، ئێوه هەندێ باشترن، مەردی خوا بن .. پیاوی چاك بن... تا.. کار له کار نه ترازاوه**)) (هه رەس ل2017).لێره دا ئه وه به دیار دەکه وێت که نەخوێنده واری بەڵایه کی گه وره و کۆسپ و تە گەرەیەکه لەبەردەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانه وه، بۆیه جیا له وەی که شۆڕش و راپه ڕینی چەکداری ئه م . پێویسته، بەهەمان ئەندازه شۆڕش و راپەڕین بۆ رزگاربوون له دەست نه خوێنده واریش پێویسته جەخت کردنەوەی ش لەسەر نەخوێندەواری لەلایەن رۆماننوسه وه بۆ دەرخستنی قه وارەی ئه و کاره ترسناکەی که رووبەرووی تاك و کۆمەڵگەی کوردی بۆتەوه، لەهەمانکاتیشدا دەسەڵات سوود لێی زۆری له بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری وەرگرتووه، بەو پێیەی کەسانێکی ناهۆشیار و نارۆشنبیری لێ دەکەوێتەوه و که بەئاسانی دەتوانرێ دەستەمۆ بکرێن، لەهەمانکاتیشدا رۆماننوس ئاماژه ی بەهەوڵەکانی شۆڕش داوه که لەم پێناوەدا جگه لە خەبات و تێکۆشان، ئەرکی خوێندەوارکردنی ئەندام و لایەنگرانی شۆڕشی له ئەستۆ گرتووه ، ئەگه ر چ ی هەوڵەکه سنووردارە و بڕێ جاریش هه وڵی تاکه کەسییە، بەڵام کاریگەری خۆی هەبووه لەناو شۆڕشدا.

لەرۆمانی (**توانەوه**)ی (**غەفور ساڵح عه بدوڵلا** )دا لەچەند دیمه نێکدا ئاماژه به نەخوێنده واری و ئاسەوارەکانی کراوه و رۆڵی نەرێنی له ژیاندا خراوەته ڕوو، ئه وەتا له دیمەنێکدا کاتێك (هه تاو) بەهه ر رێگەیەك بێت، دەتوانێت مووچه یه کی خانەنشینی بۆ مێرده کوژراوەکه ی دابین بکات، ئه مه دەبێته جێگەی چاوتێبڕینی خەڵکی و تیروتوانجەوه، لەو رێگەیەشەوه ئاماژه به نیمچه خوێندەواری ئەو دەکرێت و نەخوێنده واری خه ڵك و دەروبەرەکەشی روون ده بێته وه (( **کچێ، دایکم بۆ خۆیشی تڕه خوێندەواریه کی هەیه و چاوکراوەیه و دانامێنێ، ئه ی وەکو ئێمه مانانه ، دەك عومرمان نەمێنێ**)) (توانەوه ل205).لێرەدا لەرێگەی بەراوردکردنه وه نەخوێنده واری ئه و خەڵکانه ی که باسی (هەتاو) دەکەن بەدیار دەکەوێت، کاتێك خۆیان لەگەڵ ئەوەدا بەراورد دەکەن و پێیان وایه ئەو بەهۆی ئه و

نیمچە خوێندەوارییەی کە هەیەتی توانیویەتی ژیان و گوزەرانی خۆی باشتر بکات. سەرەڕای ئەوەی کە مێردە کوژراوەکەشی خوێندەوارییەکی کەمی هەبووە، کاتێك کە (هەتاو)یان بەزۆرەملێ پێی داوە، ئەوەتا رووداوی ئەو شووکردنە کاتێك دێتە بە رباس، لەلاکەن دایکییە وە هاندراوە کە شووی پێبکات و لە وێوە رادەی خوێندەواری (سەردار)ی مێردی ئاماژەی بۆ دەکرێت (( **خۆ سەردار ئەگە ر کە می خوێندوە ، بە لام ئە وەتا ئەلحە میلا هە موو رۆژێ کۆڵێ پارە ئەهێنێتە وە**)) (توانە وە ل272).لێرەشدا نەخوێندەوارییەکە، یاخود کەمی خوێندەواریی بەهەند هەڵنەگیراوە، بە ڵکو مەسە لەی پارە و ماددە بە گرینگ زانراوە و ئە وە کارە لەبە ر چاو گیراوە . ئەمە ش رادەی تێگەیشتنی کۆمە ڵگە لە خوێندن و خوێندەواربوون دەگەیەنێت.

لەرۆمانی (**هەڵکشان بەرەو لوتکە**)ی (**عەبدوڵلا سەڕاج**)دا نەخوێندەواری وەکو دیاردەیەکی نەرێنی ناو کۆمەڵگە پیشان دراوەو بەهۆیەوە بەشداری لە ڕەوتی رووداوەکان کردووە، لەهەمانکاتیشدا بەشێك لە لایە ن و رەهەندە کانی کەسایە تی کارەکتەرەکانیشی روون کردۆتە وەو بەهۆیە وە ئاشنای هەڵسوکەوتی و رەفتارەکانیان دەبین. لەدیمەنێکدا لە گفتوگۆیەکی نێوان (سالار و نەخشین )دا ئاماژە بە مەسەلەی نەخوێندەواری کراوە، بەتایبەتیش کاتێك باس لە ژن گواستنەوەی (نوورە کەچەڵ) دەکەن، پاش ئە وەی کە ژنی یە کە می کۆچی دوایی دە کات، کە ئەمە ش بە لای (نەخشین )ەوە کارێکی ناپەسەندە، بەڵام بەلای (سالار)ەوە کە مامۆستایە ، بەشێکە لەسەربەستی کە سی و نابێ کە س خۆی تێکەڵ بکات (( **ـ خۆ دەڵێ : کۆڵانە هەریەکە سەربەستە چی بکات!!**

**ـ لەقسەی خۆم نەگەڕاومەتەوە و پاشەگەز نیم!**

**ـ تۆ لە کن خۆت خوێندەواری و دەبێ دە رس بۆ نە خوێندە وارێکی وەك من دادە یت ! ئێستا دەڵێ ی : قەیناکا!!**)) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل 114).لەم گفتوگۆیەدا بەراورد لەنێوان خوێندەواری و نەخوێندە واری کراوە و بیرورایە کارەکتە رێکی خوێندە واری وەکو (سالار ) لەلایە ن کارەکتە رێکی نەخوێندەواری وەکو (نەخشین) بەجێگەی پرسیار کردن دانراوە، بەتایبەتیش بیرورایە کانی (نەخشین ) ئەو لەسۆنگەی پارێزگاریکردن لەداب و نەریتی کۆمەڵایەتی گەڕەکەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە ڵام بیرورایەکانی (سالار) لە هزرێکی کراوەو مۆدێرنەوە کە رێز لە سەربەستی تاك دە گرێت سە رچاوەی گرتووە . بۆیە ئە و بیرورایانە بە لای (نەخشین )ەوە جێگە ی سەرسورمان بووە کە لەکەسێکی خوێندەواریشەوە راگەیەندراوە.

هەروەها لەدیمەنێکی دیکەدا و لەچوارچێوەی پەیوەندی هاورێیەتییەوە کاتێك لە زاری (تۆفیق )ەوە باس لە پەیوەندی هاورێیە تی باوکی لە گە ڵ (سە ی وەلی ) دەکرێت، ئاماژە بە رووداوی مانگرتنەکە ی گاورباخی دە درێت و بە هۆی ئە وەی کە (سە ی وەلی ) خوێندە وار بووە وردەکاری و نهێنییە کانی رووداوەکەی باشتر زانیوە لە باوکی، چونکە باوکی کە سێکی نە خوێندە وار بووە ، ئەمە ش وایکردووە و کەمتر پەی بە نهێنییەکانی ئەو رووداوە ببات، ئەمەش لەگفتوگۆی نێوان (تۆفیق ) و دایکیدا ئاماژە ی بۆ کراوە. (( **ـ ئەو لە باوکی ڕەحمەتیم زیاتر دەزانێ لەمەڕ مانگرتنەکەی گاورباخی**

**ـ چونکە سەی وەلی کە مۆکەیە ك ڕەش و سپی جیادە کاتە وە، باوکت نە خوێندە وار بوو، نەخوێندەواریش واتە کوێر** )) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل138).لێرە دا ئاستی نە خوێندە واری دیاری کراوە و ئەو کەسانە ی کەنەخوێندە وارن بە کوێر لە قەڵە م دراون، چونکە ئاستی تێگە یشتن و بنینی

رووداوەکانیان سنووردارە و لێکدانە وەیان بۆ شتە کان کە مترە. لەدیمە نێکی دیکە دا باس لە کەسێك دەکرێت کە پاسەوانی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوك دەکات، رۆماننوس بۆ باسکردنی کەسایەتییەکی پەنا بۆ نەخوێندەواری دەبات و دەیکاتە پێوەرێك بۆ نارێکی زیاتری ئەو پاسەوانە ((**تۆ تەماشای باڵای کە، هەر دەق بە بستە باڵای چل گەز ریشە ناکات!؟ بە پشتا تریقانەوە، دەنگێك ووتی : ـ قە دو باڵای هەردوو چەند باڵای سمەی برامە کە نەچۆتە بە ر خوێندن !**)) (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل148) لێرەشدا ئاماژە بەنەخوێنده واری براکە ی دەکات و بە راوردی دەکات لە گە ڵ پاسە وانەکەدا.ئە و زەقکردنەوەی رۆماننوس لەبارەی نەچوونی بۆ خوێندن بە مەبەستە وە بووە و هە وڵی ئە وەی داوە کە دۆخی نەخوێندەواری بکاتە بابەتێکی سەرنجی خوێنەری بۆ رابکێشێت، کە وەکو دیاردەیەکی ترسناکی کۆمەڵگە پیشانی بدات و بیکاتە بابەتی رۆژ، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی باسەکە پێدانی خەڵکی بێت, هە ر لەم چوارچێوەیەدا باس لەسەردەمی پاشایەتی دەکرێت، کە سەرۆکی شارەوانی نەخوێندەوار بووە و لەبەر ئەوەشە کە خزمەتگوزارییەکان لەوپەڕی خراپیدا بووە. لێرەدا شێوازی ئە و حکومڕانیەتییە ئاشکرا دەکرێت کە هەستیارترین پۆستی حکومەتییان بە کەسێکی نە خوێندە وار بەخشیووە . بۆیە رۆماننوس زیاتر جە خت لەسە ر نە زانی و نەخوێندە واری سە رۆکی شارە وانی دەکاتە وە، کاتێك لە وێنەیە کی کۆمیدیدا ئاماژە بە بەسەرهاتێکی ئەو سەرۆك شارەوانییە دەکات (( **لێپرسراوی شارە وانی دەبێ رۆژنامە ی بەدەستە وە دەبێت ،نە یسە ، هاوار و قیڕە ی لێهەڵدەستێ . دانیشتوان وە کو بازنگە لەدەرەوی خڕ دەبنەوە. دەبێ چی ڕووی دابێت لەباقی ئاغا! ئە ویش دەڵێ ........... تەماشاکە ن شێرکە ن. لەرێگە ی خورماتودا ، ئۆتومبێلێك هە ڵگەڕاوەتە وە! خوا دە زانی چەندیان مردوون! خوێندەوارێك دەس دەبات بۆ رۆژنامەکە و ئاڵاو گێڕی دەکاتەوە بۆی. ........ تومە ر ئاغا ڕۆژنامە کە ی ئاوە ژوو گرتۆتە دەست ! بۆیە سە ر بڵند دە کات و دە ڵێ :......... جاحێڵی ئە مڕۆکە لە ئێمە مانان خوێندە وارترن! سە رجەم چایخانەکە دەداتە قاقای پێکەنین**)) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل172).بێگومان ئەمە ڕادەی کارەساتی حکومڕانی پیشان دەدات کە نەخوێندەوارێك پلەی وا هەستیاری پێ درابێت، کە ئە و پلەیە راستە وخۆ پەیوەستە بە ژیانی گشت هاوڵاتیانەوە.کە ئەمەش پەیوەستە بە فەلسەفەی حوکمڕانییەوە، کە مەبەست لێی خزمە تکردن نییە، بەڵکو ە شتنەوەی خەڵکییە لە دیلی تاریکی و نەخوێندەواری، هە ر بۆیە پۆست و پارە بە کەسانی نەخوێندەواریش دەدرێت، بۆ ئەوەی پرۆسە ی خوێندن لەبە رچاوی خ ەڵکی بخرێت و متمانە یان پێی نەبێت، بەتایبەتیش کە کەسانی خوێندەوار پە راوێز دەخرێن و لە کونجی زیندان دەنرێن و ئەشکە نجە دەدەرێن، لەبەرانبەریشدا نەخوێندەوار دەبێتە سەرۆکی شارەوانی، کە ئەمەش دەبێتە ە ۆکار ی ئە وەی کۆمە ڵگە یەکی پاشکەوتووی قە دری نەرێتگە را بە ردەوامی هە بێت و هەوڵەکانی پێشکە وتنی ئە و کۆمە ڵگە لە گۆڕ بنرێت. لەدیمە نێکی دیکە دا لەگفتوگۆیە کی نێوان (نە وزاد)و دایکی ئاماژە بە کەسایە تییەکی شێت دە کە ن کە قسە ی سە یرەو سە مەرەو پێکە نیناوی کردووە ، لەوانە ش باس لەنەخوێندەواری کراوە (( **جارێك لێیانپرسیوە: تۆ خوێندەواریت هەیە ؟ ئە ویش ووتویە تی: نا، بە ڵام برایەکە م هەیە ئە ویش نەخوێندە وارە** )) (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل201) لێرە دا نەخوێندەواری کراوەتە پێوەرێك بۆ دەرخستنی رادەی کەم عەقڵی ئەو کەسە. هەروەها لەگفتۆگۆیە کدا لەنێوان (نەوزاد) و باوکیدا باس لە دیاردە ی کە م بارانی دە کرێت، و (نە وزاد) ئە و رێوشوێنانە ی کە لەکوردەواری کراوە بۆ ئە وەی باران ببارێت بە خورافیات دادە نێت و هۆکارە کەشی بۆ نە خوێندە واری دەگەڕێنێتەوە، چونکە ئەو دیاردەیە، دیاردەیەکی جوگرافی و کەشناسییە و پەیوەندی بەو رێوشوێنانە ی

وەکو (بووکە بەبارانە..تاد) نییە کە ئە نجام دەدرێت (( **ــ ئە وە گشت لە سایە ی نەخوێندە واری بووە!**

**ـ کورم ، هەر دەبێ رۆژێك پەڕەی ڕەش و سپی لێك جیا بکرێتە وە))** (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل230).بۆیە لێرە دا نەخوێندە واری وەکو دیاردە یە کی دواکە وتووی ناو کۆمە ڵگە پیشان دراوە و رۆماننوسیش ئەو دیاردەیەی لەپاڵ دیاردەکانی دیکەی وەکو هە ژاری و چاوچلێسی داناوە کە خۆزگە بەنەمانیان دەخوازرێت.

ــ هەژاری:

هەژاری دەردێکی کوشندەی ناو کۆمەڵگەیەو بەهۆیەوە مرۆڤ لە سادەترین پێدوایستییە کانی ژیان بێ بەش دەبێت. هەژاری پەیوەستە بە سیستەمی ئابووری وڵات و ئە گە ر لەهە ر وڵاتێکدا سیستە مێکی دادپەروەری ئابووری هەبێت و پلان هەبێت بۆ بەیەکسانی دابەشکردنی سەرمایە و دابینکردنی هە لی کار و پشتگیرکردنی کەرتەکانی پەروەردەو کشتوکاڵ و یارمەتیدانی خەڵکی لەرێگای قەرزی درێژخایەن و سولفەو بایەخدان بە ژێرخانی وڵات و بە رهە می خۆماڵی و ....تاد، بێگومان رێژە ی هە ژاری کە متر دەبێتەوە، بەپێچەوانەوەش ئەگەر حکومەت لە خەمی مانەوەی خۆی و دارو دەستەکەی دابێت و ئابووری وڵات بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی خەرج بکات و داهات بکاتە رێگایەك بۆ ملکەچ کردن و کۆیلەکردنی خەڵك، بێگومان ئەو کاتە خەڵکانێك نەك هەژار دەکەون، بەڵکو لەخوار هێڵی هەژاریشدا دەبن.

لە رۆمانی (**کوێخا سێوێ** )ی (**عە زیزی مە لای رەش**)دا هە ژاری کاریگەرییە کی گە ورەی لەسە ر رەوتی رووداوەکاندا هەیە و کارتێکردنی لەسەر رۆڵی کارەکتەرەکانیش هەیە. لە رۆمانەکەدا دەبینین کە بەهۆی نەبوونی و نەهاتییەوە خانەوادەی ( مام ئۆمەر) هەژار دەکەون و لەهەمانکاتیشدا ئەو برسێتی و هەژارییە وایان لێدەکات کۆچ بکەن و بەدوای کارو ناندا بگەڕێن، چونکە وشکە ساڵی داهاتووەو کاریگەری گەورەی لەسەر کشتوکاڵ داناوە ، کەواتە ئە و هە ژار بوونە بە هۆکارێکی سروشتی کە وتۆتە وە، کە وشکە ساڵی و باران نەبارینە، ئەمەش وای کردووە خەڵکەکە نە توانن پێداویستییە کانی ژیانیان دابین بکەن، سەرەڕای ئەمانەش بەهۆی مەسلەتی بۆ کۆتایی پێهێنانی دوژمنایەتییەکەیان لەگەڵ بنەماڵە ی (شێخ گومەر) وای کرد کە (( **لەدوای هەموو حە ق و حسێبێك : خوێن بە ر خوێن سێ سە د دیناری کاشیان لە مام ئۆمەر ساند، تا پاك و باك بوون. مام ئۆمەر ناچار بوو : ووڵساتە کەی خۆی هەرزان فرۆش بکات، جووتی مەڕ بە (4) دینار وهێستری باڵایان بە (12) دینار بدات، بەم مەسلەتی یە شڕ بوون و لەبن هاتن و چی ئەوتۆیان نەما. بە ڵام هە ر پێشیان خۆش بوو کە دوژمنایە تی یەکە هە ڵگیراو کۆتایی هات . جووتە نەهاتیشی بە سە ردا هات . بەیەکجاری پەڕبووت بوون و کەوتنە سەر ساجی عەلی و رەنجبەری خەڵك**)) (کوێخا سێوێ ل).لە ئەنجامیشدا سەری خۆیان هەڵگرتوو و بەرەو گوندی (چەغەمیرە) چوون و لەوێ ژیانێکی مە مرەو مەژییان بەڕێکرد و سەپانیان بۆ ماڵی (مام حاجی شێخ ) کە یە کێك بوون لە دەوڵەمەندە کانی گوند دەکرد . بە ڵام گوزەرانیان لە وپە ڕی خراپیدا بوو، لە لایەکە وە بە هۆی چاوچنۆکی و رە زیلی (حاجی )،

لەلایە کی دیکەشـە وە بە هۆی نە خۆش کە وتنی (مام ئۆمە ر)و لەجێگاکە وتنی، رۆماننوس بە وردی رووکارەکانی ئەو هەژاربوون و برسێتییەی کە تێیدا دەژیان دەخاتەڕوو. بەهۆی ئەوەشـە و (سـێوێ ) خۆی دەچێت لە جیاتی مێردەکە ی کاری سە پانییەك دەکرد، کە ئەمە ش کار ێکی قورس بوو، لە لایەکە وە سەپانیکردن و لەلایەکی دیکەشـەوە ماڵ بەڕێوەبردن و ئاگاداربوون لە رەوشـی خراپی مێردە کە ی. ئە م هەژارییە (سـێوێ) سـێوێ دووچاری لادانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوەو هەوڵ دەدات لەرێگە ی لەشفرۆشـی و سـێکسـەوە، خۆراك و پیتاك بۆ یتا بکات، بەتایبەتیش کە (حاجی ) هە ر لەدیداری یە کەمە وە شـە یدای جوانییەکەی ببوو، بەهۆی ئەویشـەوە ئەوانی بەسـەپانی قبوڵکردبوو تا وەکو بتوانێت سـێکسـی لە گەڵدا بکات، تەنانەت جارێکیش چووبووە ماڵیان بەئاشـکرا داوای لێکردبوو، بەڵام سـێوێ رە تی کردبوو و دە ری کردبوو، بۆیە ئەمجارەیان هەژاری و برسـێتی وای لێکردبوو بەوە رازی بێت ((**حاجی بۆ من ئاگری تێ بەر بووە و ئاگای لەخۆی بڕاوە، هەر ئەوەتە بە ئاشکرا نازە ڕێت . دیسان زە ردەخەنە زایە لێوەکانی: پێویستە من هە ر بە م ڕێگایە پلانێك دابنێم و ئیخفالی بکە م. تا بە یە کجاری دەستمان لەین سەری دەردێت**)) (کوێخا سـێوێ ل 85).بەمشێوەیە ژوان لەگەڵ (حاجی) دادەنێت و لەکات و سـاتی خۆشـیدا (حاجی) دێتە ماڵیان و خەریکی دەبێت، بەڵام لەدوا سـاتەکانی ئە و کردەوەیە ، (سـێوێ ) هۆشـی دێتە وە سـە ر خۆی و کۆتایی بە و لادانە کۆمەڵایەتییە دێنێت کە دووچاری بووە و لەماڵەکەی خۆی دەری دەکات، پاش ئەوەی کە سـەپانییەکەیان وەرگرت و وشـکەسـاڵیش کۆتایی هات گەڕانە وە گوندەکە ی خۆیان و دووبارە دەسـتیان بە تۆکردنی زە وی وزارەکە یان کردە وە، بەمە ش لە هەژاری رزگاریان بوو. لە م رۆمانە دا هە ژاری کارێگەرییەکی زۆر گە ورەی لەسـە ر رەوتی رووداوەکاندا هەیە و رۆماننوس زۆر بەوردی لایەنەکانی ئەو هەژارییەی خستۆتەڕوو، بەتایبەتیش ئە و هەژارییەی کە لە کۆمەڵگەی گوندنشینیدا هەبووە، کە بەهۆی باری سروشتییشـە وە کە وشـکەسـا ڵی بووە ، برسێتی لێکەوتۆتەوە. لەم رۆمانەدا کارێگەری و کارتێکردنی هەژاری و باری ئابووری کە خۆی لە دەردی هەژاریدا دەبینێتەوە بەسـەر خانەوادەی (سێوێ) بەدیار دەکەوێت، کە جگە لە دوژمندارییەکە بە یەکێك لە گرێیە سە رەکییەکانی چیرۆ ی رووداوی دەق لەقەلە م دەدرێت، بە هۆی ئە و خانەوادەشـە وە کە وەکو نموونەیەکی کۆمەڵگە ی گوندنشینی دادەنرێت، قە بارەی ئە و هە ژاری و بارە نالە بارەی ئابوور ی لە گوندەکاندا بەدیارخراوە، کە خەڵك بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، لەرێگای ئەو رۆمانەوە ئاشـنا ی لایەنە کانی ئەو هەژارییەی کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردی دەبین و رۆماننوس واقیعی ئە و کۆمە ڵگە یەی لە ژێر سایەی هەژاری و باری نالەباری ئابووری تۆمارکردووە. لەراسـتیدا رووکارەکانی هە ژاری لە م دەقە دا لە گەلێك وێسـتگەی رووداو و کارەکتەرەکانەوە تێکەڵەکێش بووە، لەوانەش:

1 ـ لەباسـکردنی کارەکتەرێك بەناوی (لۆق درێژ) کە لەو عەشـیرەتەیەکە دوژمندارێتیان لەگەڵ بنەماڵە ی (مام ئۆمەر) هەیە، کەچی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتییان لەنێواندا هەیە، ئەم پەیوەندییە زیاتر بەهۆی باری هەژاری و نەبوونی (لۆق درێژ)ە کە (مام ئۆمەر) یارمەتی دەدات (( **لۆق درێژ زۆر بەدین بوو، سەری بچووبایە نوێژێکی نە دەچوو، چەندی بڵێ ی دە ست کورت و ڕووت و ڕە جاڵ بوو . مشك لە ماڵی کلکی بە ئارد نە دەبوو. سە رەڕای ئەمە ش کۆمەڵە منداڵێکی ڕە ش و ڕووتی سەرکەو بنکەی هەبوو. ئۆمەر ساڵێ زۆر یارمەتی دەدا**)) ( کوێخا سـێوێ ل13).لێرەشـدا لەرێگای تە کنیکی وەسـفە وە زیاتر رەهەندە کانی ئە و کارەکتە رە بەدیارخراوە،یەکێك لە و رەهەندانە ش کە پیشاندانی کەساسی ئەو کارەکتەرە لەلایەن رۆماننوسـە وە جە ختی لەسـە ر کراوەتە وە، دیارخسـتنی لایەنی ئابووری بووە، کە بەهۆیەوە کەساسی و هەڵسوکەوتی ئەو کارەکتەرە بەخوێنەر ئاشـنا کراوە.

ـ لە گێڕانەوەی ژیانی هەژاری و نەبوونی ماڵی باوکی (سێوێ) کە بەهۆی نەبوونییە وە هە وڵیان داوە 2 ڕێگەی خۆکوشتنی بەکۆمەڵیان تاقی بکەنەوە، لەبری ئەوەی دووچاری سواڵکردن ببنەوە. ئەم بارودۆخە وەکو یادەوەرییەك بەبیر (سێوێ )دا دێتە وە کە دایکی بۆی گێڕاوە تە وە (( **ئەمە ی هاتە وە یاد، کە هەموو جارێ دایکی بۆی دە گێڕایە وە:ـ ( ساڵی گرانی کە تۆ تازە بە زگم کە وتبوویت، هەرچی زادو زەوار بوو لە ماڵی باوکم دانەما بیخۆن، باوکیشم پێ ی شوورەیی بوو خۆی، یا منداڵی سواڵ بکەن. منداڵەکانی ووردو درشت لەژوورێك کردن. دەرگای لەسەر کلیل دان . دەستی دایە ختوورمەیەك ، لەبەر دەرگا دانیشت، بە حەقی خوا تازە ئێرە گۆڕستانمانە ، ئەوەی بیەوێت بچێتە دەرەوە بەم مەترەقە مێشکی دەپرژێنم. دوای دوو رۆژان من و باوکت زانیمان، دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ کردن**))) (کوێخا سێوێ ل 56-57). لە م دیمەنە دا کاریگەرییە نەرێنییەکانی هەژاری بەدیار دەکەوێت، بەتایبەتیش برسێتی و نە بوونی کارکردن، بۆیە دەبێتە ئە و خانەوادەیە ڕووبەرووی کارەساتی خۆکوشتن دەبنەوە، چونکە باوکیان نەیتوانیوە لەو برسێتی و هەژارییە ڕزگاریان بکات، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی باری ئابووری، کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ وەرە بەردان و کاریگەرییەکانی راستەوخۆ لەسە ر دەروونی مرۆڤ دادەنێت و ئیرادەی دەشکێنێت، چونکە برسێتی و هەژاری هەستکردن بە بێبەشی و نەبوونی لەناخی مرۆڤدا گەورە دەکە ن و دەیگەیێنێتە ئە و رادەی کە وا هەست بکات ئیدی توانا ی چارەسە ربوون نە ماوەتێ و بەرگە گرتنی ئە و بارودۆخە لاواز دەبێتەوە.

ـ کاتێك (کوێخا سێوێ) ئە و دزە دەستگیر دە کات کە هاتبووە ماڵەکە ی دزی لێبکات . دوای ئە وەی 3 ئاشکرا دەبێت کە (بایز)ە خزمییەتی، هۆکاری ئەو دزیکردنەی پێ ئاشکرا دە کات، کە ئە ویش بە هۆی هەژاری و برسێتییەوە بووەو وای کردووە کار لەگەڵ دوژمنەکان بکات و دزی لەو بکات . لێرەشدا رۆماننو لێکەوتە و دەرهاویشتە کانی ئە و هەژارییەی خستۆتەڕوو، کە مر ۆڤ دووچار ی لادانی کۆمە ڵایەتی دەکەنە وە و بـۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رەنگە بە ناچاری پە نا بـۆ دزیکردن ببات، کە ئە م کارە ش خەوشێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤ دروست دەکات و هەمیشە لەباری دەروونییەوە ناچیگری بە دەروونی کەسە کەوە دروست دە کات و لە ڕووی کۆمە ڵایەتیشە وە گە ر ئاشکرا بکر ێت، دەبێتە لەکە یەك بە ناوچەوانی ئەو کەسەو خانەوادەکەی دەنووسێت و تا هەتایە پێوەیان دەنووسێت و بار ێکی ناهە مواری کۆمەڵایەتییان بۆ دروست دەکات. ئەم لادانە کۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی باری ئابوور ی هاتوتە بوون، کە رەنگە بەچارەسەرکردنی بارە ئابوورییەکە رێژەی ئەو لادانە کۆمەڵایەتییە کەمتر ببێتەوە.

ـ هەژاربوونی ماڵی (حاجی مام شێخ ) کە سە ردەمانێك خانەوادەکە ی (مام ئۆمە ر) سە پانییان بۆ 4 دەکردن . لە دوای ئە و هە بوونی و دەوڵەمەندییە ، کە چی دواتر ئە و خێزانە دووچاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و هەژار دەکەون. هۆکارەکانی ئەو هەژاربوونەیان لەلایەکەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی گرانەتایە کە بەشێك لە خانەوداکە لە ناو دەبات و لە لایە کی دیکەشە وە نە خۆش کە وتنی (حاجی) لەجێگا کەوتنی، کە بووە هۆکاری ئە وەی کە س ئاگای لە مە روماڵاتیش نە مێنێت و مردار ببنە وە. سە رەڕای ئەمانە ش ناکۆکییە کانی نێوان هە ردوو ژنەکە ی زیاتر ببوو، لە ئە نجامیشدا ژنە بچووکەکەی لەسەر کاری داوێن پیسی لەگەڵ کوری گاواندا لەلایەن (رەحمانە)ی کوریانەوە کوژرا، دواتر (خدر گاوان)ی باوکی کورەش دەکوژرێت، ئیدی لە تۆڵە ی ئە وەش منداڵە کانی گاوان هە رچی چاڵ و عەمباری دەغڵ ودان هەبوو کونیان کرد و بارانیان بەبن وەربوو، کورەکەشیان لەسەر ئەو تاوانە زیندانی

کرا. (( **پێش حوکم دانەی ترساین، رووحمان هاتبووە سەری لووتمان کە لە قنارە بدرێت، هەر ئەو نێرینەشمان مابوو، بۆیە زوو مەسڵەتیمان کرد. هەر چەند چوار پێمان مابوو خڕمان فرۆشت. لەگەڵ ئەم کیژۆڵەیە لە حەقی مەسڵەتی یەکەمان دا. لەگەڵ ئاخ هەڵکێشاندا:۔ ئیتر ئاو بێنە و دەستان بشۆ. عەشتەبای خوامان لە ماڵ دا نەماو ئاوامان بەسەر هات. پشووێکی دایە:۔ لەو ساکەوە ئێمە لەسەر زەکات و خێر و حەساناتی موسوڵمانان بە ڕێوە دەچین**)) (کوێخا سێوێ ل17).لێرەشدا کار لەسەر لێکەوتە و دەرهاوێشتەکانی دیکەی باری ئابووری و هەژاربوون کراوەتەوە، کە ئەویش کاری داوێن پیسییە، کەبەهۆی ئەوێشەوە کارەساتی کوشتنی لێ هاتۆتە بەرهەمە. دیارە هەژاری ئەو کاریگەرییە خراپە دەروونییەی بەسەر مرۆڤ دروست دەکات، بەڵام رەنگە مرۆڤێك کە هەمیشە لەنەبووندا بووبێت، بەرگەی ئەو ژیانە نالە بارە بگرێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ رابێت و خۆی بژێنێت، کەچی سەبارەت بەو کەسانەی کە هەبوون بوونە و لەڕووی داراییەوە دەوڵەمەند بوونە، کە لەناکاوێك هەژار دەبنەوەو باری ئابوورییان شلۆق دەبێت، بارودەخەکە تەواو پێچەوانە دەکەوێتەوە، چونکە بەزۆری ئەو جۆرە کەس و خانەوادانە بەرگەی ئەو هەژاربوونە ناگرن و رووبەرووی کێشەو گرفتی گەورە دەبنەوەو دواجاریش هەڵخلیسکانیان بۆ دیاردە لادانە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانتر دەبێت. هەروەکو لەو نموونەیەدا رۆماننوس کاردانەوەکانی هەژاربوونی ئەو خانەوادەیەی بەجوانی کێشاوەو ئەو لادانە کۆمەڵایەتییەی کە دووچاری بوونەتەوەو ئەو کارەساتەشی کە بەدوای خۆیدا هێناوە تۆماری کردووە.

لەرۆمانی (**شار**)ی (**حوسێن عارف**)دا هەژاری پانتاییەکی فراوانی لە ناو دەقدا گرتووە و رۆماننوس لەرێگەی باسکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵێك خێزانەوە و لەرێگەی باسکردنی رەهەندی ئابوورییانەوە، نەهامەتییەکانی چینی هەژاران دەخاتەڕوو، هەر لەسەرەتاوە لەباسکردنی ژیان وگوزەرانی بنەماڵەکەی (سابیر) دەخاتەڕوو و ئاستی هەژاری و نەبوونی و دەستکورتییان دیار دەخات، بەتایبەتیش کاتێك لە ناو خانەکەی (میمکە حەلیم)دا دەژیت، ناو خانەکەی ئەویش، کۆمەڵێك خێزانی هەژاری لە خۆ گرتبوو، کە هەر یەکێکیان بەشێوەیەك نەبوونی و نەداری بەرۆکی گرتووە، بەشێوەیەك ئەو خانەیە وەکو لانەیەکی هەژاراندا وابوو و هەموویان کرێچی بوون و خەریکی کاروکاسبی رۆژانەیان بوون. (سابیر) کە حەمباڵی دەکرد و دوای ئەوە لەلایەن (میمکە حەلیم)ەوە لەگەڵ (خاوەر)ی بێوەژن ژیانی هاوسەری پێکهێنا، هەژارییەکەشی لەگەڵیاندا درێژەی کێشا، هەرچەندە بەشێك لە مەئۆباڵەکەی لە ئەستۆی خودی (سابیر) دابوو، چونکە لەکارکردندا تەمبەڵ و تەوەزەڵ بوو، بۆیە (خاوەر)یش بۆ دابینکردنی بژێوی رۆژانەیان نانکەری ماڵانی دەکرد، ئەمەش وای لە (میمکە حەلیم) کردبوو کە هەمیشە سەرزەنشتی (سابیر) بکات و داوای لێ بکات بچێتە سەر کارەوە، کاریگەرییی و کارتێکردنەکانی ئەم هەژارییە لەو کاتەدا زیاتر دەبێت کە (خاوەر) بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات و تەنیا (مریەم)ی کچە بچووکی لەدوای بەجێ دەمێنێت، بۆیە (سابیر) لەتوانایدا نابێت بەخێوی بکات، بە ناچاری دەیباتە ماڵە دەوڵەمەندێك بۆ ئەوەی هەم بەخێوی بکەن و کاری بەردەستیشی پێ بکەن، لەو ماڵەدا مامەڵەیەکی یەکجار باشی لەگەڵ دەکرا و هەر زوو لەلایەن دایکی (گەلاوێژ)ەوە ئەوە بۆ روون کرایەوە (( **با لە ئێستەوە پێت بڵێم: لەم ماڵەدا قەت خۆت بەکارەکەر دامەنێ، من بە دایکی خۆت و منداڵەکانیش بەخوشك و برای خۆت بزانە**)) (شار ل51 (شار ل50).لەدواتردا لەلایەن (سابیر)ەوە دەبرێتە ماڵی (میرزا سەلیم) لەوێ کارەکەری دەکات، بەڵام رۆماننوس لەوێدا ژیانێکی دیکەی پڕ لە ئازارو ئەشکەنجەی تۆمار دەکات، هەرچەندە لەلایەن میرزا ژنەوە مامەڵەیەکی نەرمی لەگەڵ دەکرا ، بەڵام منداڵەکانی سووکایەتی و

ئازاری جەستەییان دەدا و وەکو مرۆڤێك سەیریان نەدەکرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لە و ماڵە دەر بکرێت و کارەکەی لەدەست بدات. بەمشێوەیە (مریەم) ژیانێکی هەژارانەی پڕ لە نەهامەتی بەسەر برد، تا دواجار لەلایەن باوکییەوە وەکو رێگە چارەیەك لەدەست ئەو هەژارییە ، بە زۆر بەشوودرا.کەواتە لە گێرانەوەی چیرۆکی ژیانی خانەوادەکەی (سابیر)دا هەژاری رۆڵێکی سەرەکی لە گرێی رووداوەکاندا دەگێرێت و کاریگەری لەسەر ئایندەیان دروست دەکات، بەو واتایەی دەکەنە هەژاری هۆکارێکی گرنگ لەسەر ئەو هەلسوکەوتانەی کە (سابیر)و ئەندامانی خانەوادەکەی ئەنجامی دەدەن، چونکە هەژارییەکە بەربەستێکی گەورە دەبێت لە سەر ئەوەی کە نەتوانن بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو خانەوادەکانی ناو کۆمەڵگە بژین، هەر ئەو هەژارییەشە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی (مریەم)ی کچی دروست دەکات و تەنانەت بە هۆی هەژارییەوەش بەزۆر بەشوودەدرێت، کەواتە باری ئابووری رۆڵی سەرەکی لەناو رووداوەکاندا گێراوە و کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ژیانی کارەکتەرەکاندا داناوە ، ئەو بارە ئابوورییە ڕۆڵی سەرەکی جووڵانەوەی رووداو و ئاراستەی بەشێک لە هەڵسوکەوتەکانی گرتووە، بەمەش رۆمانەکە قەوارەی راستەقینەی هەژاری وەکو دەردێکی ناو کۆمەڵگەی بەدەرخستووە، ئەو هەژارییەی کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی ستەمکاری سیاسی و گەندەڵییەکانییەوە هاتووەتەکایەوە و وای کردووە ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەك نزم بێت کە رێژەی هەژاری لەوڵاتدا زیاتر بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو هەژارییە دروستکراوە و سروشتی و ئاسایی نییە. لەدیمەنێکی دیکەدا باس لەهەژاری و دەستکورتی (ئەورەحمان)ی کارەکتەر دەکرێت کە بەهۆی نەبوونییەوە پەنای بۆ کرێکاری قوڕ بردووە و لەوێش بەزەحمەت کاری دەستدەکەوێت و بەهۆیەشەوە خێزانێك بەڕێوە دەبات، خۆی رووکارییەکانی ئەو هەژاربوونەی باس دەکات ((**کەباوکم مرد . من هەر دوای مانگێك بڕیارم دا واز لە خوێندن بێنم و جێگەی باوکم بۆ خێزانەکە بگرمەوە، دایکم ڕازی نە دەبوو، دەیوت :(تۆ نابی واز لە خوێندن بێنێت . من دە تانژیە نم... من دە چم نانە وایی ، جلشۆری، خزمە تکاریی ماڵان دە کە م و گوزەرانتان مەیسەر دەکەم) من پێم لێ کردە کەوش، وتم (منێکی چوارپەل ئەستووری مل وڕت هەبم و بیەڵم بچیت خزمەتکاری ماڵان بکە یت، ئەمە گوایە خوێندن تە واو دەکە م** )) (شار ل128)، لێرەدا کاریگەرییەکانی ئەو هەژارییە لەدوو لاوە بە دیار دەکەوێت، لەلایەکەوە ئەو خێزانە لەدوای مردنی باوکییان کەسی وەهایان نەبووە ببێتە بەخێوکەریان، چونکە (ئەورەحمان)یش قوتابی بووە، بۆیە بەناچاری واز لە قوتابخانە دەهێنێت و کرێکاری دەکات بۆ ئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە. بەو واتایەی لێرەدا هەژاری بووە هۆکاری ئەوەی لەخوێندنەکەی دابڕێت . ئەم هەژارییە دووبارە رێگریشە لەبەردەم ئەوەی (ئەوڕەحمان) کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (ئاسکۆڵ)هەیە ، ژیانی هاوسەری بکات و خێزان پێکەوە بنێت، کەواتە هەژاری لەمپەرێکی سەرەکییە لە گەیشتنی کارەکتەرەکانی ناو دەقی رۆمانەکە بە ئاواتەکانیان، ئەو هەژارییە وای کردووە رەوتی رووداوەکانیش بەشێوەیەکی دیکە بکەونەوەو ئاراستەی دیکە وەربگرن، لەمەشەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە هەژاری لەناو کۆمەڵگەدا وەکو دیوەزمەیەك وابووە و باڵی بەسەر زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەی ئەوسای کوردیدا گرتووە و بووەتە بەربەستێك لەبەردەم تاکەکانی و هەروەها نەگۆڕانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی.

لەلایەکی دیکەوە رۆماننوس پەنجەی لەسەر کێشەیەکی گەورە داناوە کە لەو سەردەمەدا هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەویش کێشەی کرێچییە، واتە کێشەی نیشتەجێکردن، کێشەیەکی سەرەکی سەردەمەکەی بووە و هۆکارێکی راستەوخۆش بووە لە بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری، چونکە خەڵکانێك کە شوێنێك نەبێت تێیدا بحەوێنەوە، بێگومان هەموو کاروکاسبییان لە پێناو ئەوەدا خەرج دەکەن کە

شوێنێك بۆ حەوانەی خێزانەكانیان دابین بكە ن، ئەمە ش كاریگەرییە كی تە واو لەسە ر باری دارا یی و ئابوورییان دادەنێت، بۆیە رۆماننوس لە خستنە ڕووی كێشە ی نیشتە جێبوونەوە لەلایەكە وە رووناكایی دەخاتە سەر كێشەكەو لەلایەكی دیكەشەوە بەشێك لە ئێش و ئازاری كرێچییە تی باس دە كات . هە ر لەسەرەتاوەش لەرێگەی باسكردنی (سابیر)ی كارەكتەر كێشەی كرێچیایە تی دەخاتە ڕوو، بەتایبە تیش خانەكەی (میمكە حەلیم) كە پراوپڕ بووە لە كرێچی، بەڵام دوای مردنی رووبەڕووی كێشە یەكی گە ورە بوونەوە، بەڵام خانووەكە بووە موڵكی میری و دواتریش میری خستییە سە ر ناوی كابرایە كە وە كەهاتە لایان و داوای لێكردن چۆڵی بكەن، هەر چەندە ئەوان بەگوێیان نەكرد و دەریان كرد، بەڵام بەهێزی یاسا و پۆلیس لە خانووەكەدا دەری كردن (( **چوو بەهۆی پارێزەرێكەوە رێگەی دادگەی گرتەبەر و سێ مانگی پێ نەچوو، نەك هەر بڕیاری بۆ درا، بە ڵكو گەیشتە ئە وەی پۆلیس بێتە گیانیان و داوای چۆڵكردنی خانووەكەیان لێ بكەن، ئە مان بڕوایان هە ر نە دەكر ونە دەكرد، تا كاتێ داواكردن بووە هەڕەشە ی فڕێدانە دەرەوەی كەلوپەلە كانیان ، ناچار بە رودوا كەوتنە چۆڵكردنی**)) (شار ل49) لێرەشدا چەند لایەنێكی لێكێشەكە بەدیار دەكەوێت، لەلایەكەوە یاسا و دادگا بەبێ ئەوەی بیر لە ژیان و گوزە رانی ئە و خەڵكە بكەنە وە بڕیاری چۆڵكردنی دە ردەكە ن، لەلایە كی دیكەشە وە پۆلیس وە كو هێمای حكومە تدارییە ، بە زۆری زۆردار كەلوپەلە كانیان فڕیدەداتە دەرەوە، لەكاتێكدا حكومەت بەرپرسە لە دابینكردنی شوێنی حەوانەوە، هەروەها لەسە ر ئە وەش بەرپرسە كە جێگرەوەكیان لەدوای چۆڵكردنی خانووەكە بۆ دابین بكات، چونكە هیچ مانایەكی نییە خەڵكان بەمنداڵ و خێزانەوە فڕێ بدرێنە سەر شەقام، بەبێ ئەوەی كەسێك نەبێ شوێنێكی حەوانەوەیان بۆ دابین بكات، ئەمە ش ئە وە دەسە لمێنێت كە لە رووی نیشتە جێكردنەوە حكومە ت لەوپە ڕی لاوازیدا بووە و هیچ پرۆژەیەكی نیشتەجێكردنی راستەقینە بۆ هەژارەكانی لا نە بووە. لە دوای ئە م درەكردنە ش (سابیر )ی كارەكتەر روو لە خانووێكی دیكە دەكات ، لەوێش دوای ئەوەی لەلایەكەوە چەند مانگێك كرێیەكە ی پێ نادرێت، لەلایەكی دیكەشەوە بەهۆی ئە وی (مریە م)ی كچی لە دەست (دەروێش كە ریم)ی مێردی هەڵاتووەو ونبووەو دەروێشیش هەمیشە لە خانووە كرێیەكەدا دەچووە سەری، تا جارێكییان دەستی لە كوری خاوەن ماڵیش دەوشێنت و بەهۆیەشەوە لەوێش دەردەكرێت . لێرەشدا لەلایە كی ئێش و ئازاری كرێچییەتی پیشان دراوە، لەلایە كی دیكەشە وە بێ ویژدانی خاوە ن ماڵەكە ش لە وەی كە مۆڵە تی پێنەداوەو بەو سە رماو سۆڵە دەریكردووە ، بە دیار دەكە وێت. ئە م كێشە یەی لە لای (وەستا تایە ر)ی خاوەنی چایخانە بۆ چارەسەر دەكرێت و كرێی خانووە كە ی بۆ دە دا و لە لای خۆشی دە یكاتە شاگرد . كەچی لەلایەكەی دیكەوە سەخاوەت و دڵفروانی هەندێ لە خاوەن خانووەش باس دەكات، ئەمەش لە نموونەی ئەو پیرێژن و كچەكەیەتی كە لەزاری خودی پیرێژنەوە كە بۆ (خورشە )ی خوشكی دە روێش دەگێڕێتەوە هەژارییەكەیان دەخرێتەڕوو و ئاماژە بەوە دەكات كە بەهۆی هەژارییانەوە لە خانووێكدا ژیانیان گوزەراندووە بەبێ ئەوەی هیچ كرێیەكیان لێ وەربگرێت (( **تا سێ مانگیش لەمەوبەر، لە ژوورێكی كۆنە خانوویەكدا دە ژیاین، ماوە ی پێنج ساڵ بوو خاوە نەكە ی لە رێی خودا دابووێنێ و سە رمان تێدا كز گرتبوو، بە خێر و سە دەقەی دەرو دراوسێ و خە ڵكە گەڕەكەكە ش ، كولەمەرگی دەژیاین ، كە چی رۆژێكیان خاوە ن خانووەكە هات و وتی : ....... بەداخە وە هەمووی بەر جادەكە دەكە وێ، ئە مڕۆ ئیمزایان پێ كردم كە لە ماوەی مانگێكدا چۆڵی بكەین...... دوای مانگەگە ڕەوەیەك پۆلیس هاتن و بەزۆر پێیان چۆڵ كردین.... هێندە بۆمان پە رۆش بوو ، تا دوو هە فتە ش لە كەلاوەكاندان شوێنپێمانی هە ڵدە گرت و لێمانی**

**دەپرسییە وە ، هێندە ی بۆی هە ڵسووڕایە ، خواردنی بۆ دە هێنایین** )) (شار ل 98-99).لێرە دا ڕووبەڕووی لە هەڵسوکەوتی خاوەن خانوو هەستێکی گە ورەی مرۆڤایە تی بە دی دەکرێت کە جێگەی شانازیکردن بەو بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە دەخوازرێت . لەلایە کی دیکەشە وە دووبارە بەرپرسیارییە تی حکومە ت لە دابینکردنی شوێنی نیشتە جێ بوون دە کەوێتە گومانە وە و هەڵسوکە وتی دەزگای پۆلیسیش کە بێ ئەوەی جێگرەوەیەك بۆ ئە و خانەوادەیە دابین بکرێت، بە زۆر فڕێیان داوتە دەرەوە و لەکەلاوە دەژین و سواڵکەری دەکەن بۆ ئەوەی ژیانیان دابین بکە ن. ئە م جۆرە شێوازە نادادپە روەری و گەندەڵی لەبەڕێوەبردنی وڵات دەسەلمێنێت، چونکە خەڵکانێکی خۆی بەو شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لەهەموو مافێك بێ بەشی بکات، بێگومان ئەو پەڕی گەندەڵی و ناڕەوایەتی حکومە ت پیشان دە دات. بۆیە ئەو جۆرە هەژارییەش دواجار دەبێتە هۆکارێك تا پیرێژن بە ناچاری ڕازی بێت ئە و کچە منداڵە ی لە (دەروێش کەریم)ی بەتەمەن مارە بکات، تەنیا بۆ ئەوەی لەدەست هە ژارییە وە رزگاریان بێت، ئە مە ش ئەوە دەگەیەنێت کە لەلایە ن خە ڵکانێکی خراپە وە ئە و هە ژاریی و لێقەوماوییە یان قۆستراوە تەوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناوە.

لەرۆمانی (**کانگەی بەڵا**)ی (**حسام بەرزنجی**)دا هەژاری بەشێك لە رەوتی ڕووداوەکانی پێکهێناوە و کاریگەری لەسەر کارەکتەرەکانیش داناوە. ئەوەی لە م ڕۆمانە دا جە ختی لەسە ر کراوەتە وە ململانێی نێوان (هەژاری و دەوڵەمەندی)یە و جیا لەوەی کە خراپی رە وش و ژیانی چینی کرێکار وە کو چینێکی هە ژار و کە م دەرامە ت خراوەتە ڕوو، لەهەمانکاتیشدا سیفات و خە سڵە تەکانی چینی دە وڵەمەند خراوەتەڕوو کە هەمیشە چاویان لە زیاتر دەوڵەمەند بوون و پارە کۆکردنەوەیە . لە م ڕووەوە ڕۆماننوس لەباسکردنی خانە وادەی کارەکتە ری سە رەکی (دارا)دا سە رەتاکانی ئە وان کە هێشتا لە چینی ناوەڕاستن و دەوڵەمەندییەکەیان سنووردارە، لەڕێگەی نیشاندانی هەڵوێست و رە فتارەکانی ئە وانە وە، سیفاتی دەوڵەمەندەکان دەخاتەڕوو کە هەمیشە هەوڵ دەدەن لە ئاستی یەکتری تێپەڕێنن.بەتایبەتیش کاتێك باس لە (قەرۆك چەلەبی) دەکرێت و ئاستی دەوڵەمەندییەکە ی دەخرێتە ڕوو،گێڕانە وی چیرۆکی ئەو ماڵە کاریگەری و کارتێکردنێکی وای لەسەر باوکی دروست کردبوو، خستبوویە ناو خەم و خەفەتێکی زۆرەوە، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەمی دەوڵەمەندبوون بیروبۆچوونی ئەوانی داگیرکردووە، بە ڵام بیر لە چۆنییە تی پێکە وەنانی ئە و ماڵ و دارایییە نەکراوەتە وە و هە روەها بیریش لە ئایندە ی ئە و دەڵەمەندییە ش نەکراوەتە وە، لەمیانە ی باسکردنی ئە و ململانێیە چینایەتییە ی نێوان هە ژار و دەوڵەمە ندا، بە تایبە تیش جە خت کردنە وە لەسە ر مەسە لەی هەژاریدا، ڕۆماننوس بۆچوونی خۆی لەمبارەویەوە دەردەبڕێت و پێیوایە هەژاری دوو جۆری سەرەکی هەیە (( **دوو جۆر هە ژاری هەیە .... جۆرێکیان ئەو چینەن کە داهاتیان لە رادەی پێویستی یە راستەقینەکانی ژیان کە متر بێ، بەڵام جۆری دووەم لە هەژاری ئەو کەسانەن کە دەروونیان هەژارە، بەهیچ شتێ تیر ناخۆن و هەردەم چاوبرسین، جۆری یەکەم چارەسەرکردنی ئاسانترە ، چونکە بە بەرزکردنە وەی رادەی داهاتی مرۆڤ چارەسەر دەکرێ، بە ڵام جۆری دوە م بە ڕای من لە سە ر دنیا هیچ دەرمانێکی بۆ نیە...!**)) (کانگەی بەڵا ل 25)، بەو واتایەی ڕۆماننوس پێیوایە هەژاری ماددی چارەسە ر دەبێت کاتێك داهاتە کانی مرۆڤ لە رووی دارایی و ئابوورییە وە زیاد بکرێت . بە ڵام جۆرەکە ی دیکە ی هە ژاری کە هە ژاری دەروونییە چارەسە رکردنی مەحاڵە و دەرمانی بۆ نییە . لە دیمە نێکی دیکە دا ڕۆماننوس رە گ و ریشە ی هە ژاری بنەماڵە ی (دارا) بەتایبە تیش دوای ئە وەی کە بنەماڵەکە یان زۆر دەوڵەمەند دە بێت، لە سە ر زاری باوکیان دە گێڕێتە وە، ئە و گێڕانەوەیە ش لە رێگای ئە و پەیوەندییە

هاوڕێیەتییە نادروستەی کە لەگەڵ (بیلال)ی هاوڕێی دەبێت (( **من و ئەو (بیلال)ە لەمناڵی ڕا یەکتر دەناسین، باوکی هەردووکمان دەستیان کورت بوو، من باوکم شاگردە خمچی بوو لە گە ڵ ئەوەش دا سەری زوو نایەوە ومنی تاقانەی بەهەتیوی جێ هێشت، باوکی (بیلال )یش (عەسافە کوێر)یان پێ دەوت ، کولخانچی بوو...... برسیەتی و نە دارایی وای لێ کردین ، بەدوان گەلێك ڕێگای چەوت و چەوێڵ بگرینە بەر، وای لێ هاتبوو شت فڕاندن و بە ڕك بڕین و دزی کردن بووە پیشەمان**)) (کانگەی بەڵا ل 151) .لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان دووچاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی نەبوونی و هەژارییەوە ڕێگەی دزیکردنیان گرتۆتەبەر وەك ڕێگەیەکە تا بەهۆیەوە دەوڵەمەند ببن، دیارە ئەو ڕێگەیەش هەر چیەك بێت لەدواجاردا کێشەو گرفتی گە ورەی لێ دروست دە بێت، بۆیە دەبینین بنە ماڵەکەشیان بە هۆی دزیکردنە وە سە رەڕای ئە و پارە زۆرەو بوونی کارگە و دەوڵەمەندیشیان کە چی دووچاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەبنەوەو کوڕەکانیشیان فێری ئەو ڕێگە چەوتەو لادانە کۆمەڵایەتییە دەبنە وە. لەدیمە نێکی دیکەشدا هە ر ئە م وێنە هە ژاریی و نەبوونییە دەبیننە وە کە وای کردووە بنەماڵە ی (سە رهید) کە هاوڕێیە کی (دارا)بوو دووچاری لادانی کۆمە ڵایە تی ببنە وە و دەست بە دزیکردن بکە ن و دواتریش ئەوانیش باجی ئە و کارە بدە ن. لە م میانەیەشدا (سە رهید) لەگفتوگۆیەکدا لە گە ڵ (مازن و دارا )ی هاوڕێیەکانیدا ئەو راستییە باس دەکات و ئاماژە بۆ ئە وە دەکات کە ئە وان لەرێگگە ی (عیزەتی مە لا حەکیم) کە یەك لە دەوڵەمەندەکانی شار بوون فێری ئەو کارە بووەو دوای ئەوەی کە ئەویش بە ڕێگای دزیکردنەوە لە هەژاری رزگاری دە بێت، بە ڵام دواجار باجە کە ی دادەنێت (( **دوایە ش بار وا سووڕا ئاگردانیان کوێر بووە، ئێستا خوا دە زانێ (عیزەتە فەندی ) لە چ گۆشە ی مەیخانەیە کی تاریك و هە رزان بەهادا دانیشتووە ، هە ر پەنجە ی خۆی دە گەزێتە وە ولە داخان مە ی حەسرەت و بێ هیوایی فڕ دە کات** )) (کانگە ی بە ڵا ل 89).بێگومان ئە و کۆتاییە پڕ لە ناسۆر و کارەساتە دووچاری (سەرهید)خۆشی دەبێتەوە و دواجار لەسەر دزیکردن زیندانی دەکرێت. لەدیمەنێکی دیکەشدا کاتێك رووداو دەچێتە سەر پیشاندانی پە یوەندییە ك خۆشەویستی تاك لایە نە ، کە ئە ویش لەلایەن (ژاڵە)ەوە بۆ (دارا)یە، بەڵام بەهۆی ئەوەیی کە (ژاڵە ) دووچاری لادانی کۆمە ڵایە تی بۆتە وەو داوێنپسی کردۆتە پیشەین لەلایەن (دارا)ەوە رەت دەکرێتەوە، لێرەشدا هە ژاری و نە بوونی و برسێتی وایان لەو ئافرەتە کردووە ڕێگایەکی چەوت و چەوێڵ بگرێتە بەر بۆ ئەوەی لەو هەژاری و نەبوونییە رزگاری بێت. ئەوەی راستی بێت رۆماننوس سەرجەم ئەو دەوڵەمەندییەی کە باسی کردووە و بنچینەکە ی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە لەبەر هەژاری و نەبوونییەوە ڕێگەیەکی چەوتیان گرتۆتەبە ر کە دزیکردن و راوڕووت داوێنپیسی بووەو تا بەهۆیەوە دەوڵەمەند بن، بەڵام ئەو دەوڵەمەندییە بۆ ماوەیەکی کاتی بووە و دواتر باجی ئەو ڕێچکەگرتنەی ژیانیان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننوس دیمەنێکی بنەماڵەیەکی هە ژاری وەك (سەرگوڵ ) پیشان دەدات کەسەرەڕای هەژاری و نەهامەتییە کانی ژیان، بە ڵام خۆیان نە فرۆشتووە و دووچاری لادانی کۆمە ڵایە تی نەبوونەتە وە. تەنانە ت ژیانی هە ژارییان پێ لە و ژیانە کاتییە ی دەوڵەمەندبوونە باشتر بووە. ئەوەتا هەر لەسەر زاری (سەرگوڵ)ەوە هۆکارەکانی هە ژاری و بارودۆخی ژیانیان دەخرێتەڕوو ((**دوای ماڵ کاول بوونمان، باوکم سە رەڕای ئە و هە موو مە رق و کولك و کوڤانەی کە لە دڵی دابوو، تووشی کاری قو ڕسیش هات، ئە وەندە لە کارکردن تلایە وە، ئەوەندە لەشاران رەنجی دا و قوڕکاری کرد تا بەم دوادوایە پە کی کە وت، نەخۆشی زۆری بۆ هێناو دەست و قاچی لەرزەك بوون. ئێستاش بەتەواوی شەپڵەی لێ داوە ، وا لەماڵە وە**

**کەوتووە بەدارشەقەش ناتوانێ بڕوا.. ناچار من دەستم بەکارکردن کرد و هاتم لە کارگە ی ئێوە دامەزرام... دوای نزم بوونەوەی بە های پارە ش، یان بڵێین دوای گران بوونی نرخی کەل و پەلیش ، نەمانتوانی گوزەران بکەین، لەبەر ئەمە دایکیشم دەستی بەکارکردن کرد، ئێستا وا لیفکە و ریس و شتی وا دەچنێتە وە بۆ فرۆشتن ئامادە ی دەکات ..... بە م دوا دواییە ش کرێ ی خانووش بە زرکرایە وە ، لەبە ر ئەمە خانووی پێشوومان جێ هێشت چووین لە گە ڕەکی (ناچاری ) خانوویە کی قوری سارمان بە کرێ گرت ..))** (کانگە ی بە ڵا ل 72).ئەم بارودۆخە سەختەی کە بنەماڵەی (سەرگوڵ) تێدا ژیاون لە ئە نجامی سیاسە تەکانی رژێمە وە هاتۆتەکایە وە، ئەمە ش پاش تێکدانی گوندە کە یان دەست بە سە رداگرتنی زەوی و زارەکانیان و کۆچکردنیان بەناچاری بۆ شارەوە هاتۆتە کایە وە. بە و واتایە ی لەهە موو سە رچاوەیەکی ئابووری بێ بەشکراون و بە ناچاری هاتوونەتە شار و کرێکاری دە کە ن و بەهە ژاری ژیان بە ڕێ دەکە ن. لەگە ڵ ئەوەشدا ئیرادە یە کی بە رزیان هەیە و سە ر بۆ کە موکورتییە کانی ژیان شۆڕ ناکە نە وە، بەتایبە تیش (سە رگوڵ) کە کەسایە تییەکی بە رزی رۆشنبیری هە بوو، تەنانە ت ئامادە نە بوو پەیوەندی خۆشەویستیش لەگەڵ (دارا) کە کورە دەوڵەمەندێك بوو و رەنگە ئەمەش رێگایەك بێت بۆ دەرباز بوون لە هەژاری ونەبوونییەوە، بەڵام کاتێك دڵنیا بوو لەسەر ئەوەی کە (دارا) بۆ رابواردن و سێکس ئەوی دەوێت، نەك هەر رەتی کردەوە، بەڵکو کارگەکەشیان بەجێ هێشت. ئەمەش ئەو پەڕی سەربەرزی و نموونە ی رۆشنبیری و پەروەردەیەکی بەرزە. رۆماننوسیش لەرێگای ئە و نموونەیە وە دەیە وێت پە یامی خۆی بە خوێنە ران بگەیە نێت کە هە ژاری و نە بوونی ماددی دە کرێت ز اڵ بیت بە سە ریدا، بە ڵام نابێت ببێتە هۆکارێك بۆ لادانی کۆمەڵایەتی و نەخۆشییە دەروونییەکانەوە.

لەرۆمانی ( **هەڵکشان بەرەو لوتکە**)ی (**عەبدڵلا سەڕاج**)دا، هەژاری وەکوە دەردێکی ناو کۆمە ڵگە پیشان دراوە کە کاریگەری گەورەی لەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەبووەو هە روەها کارتێکردنی لە سە ر جووڵەی کارەکتەرەکانیشەوە هەبووە. لەوانەش لەسەر بنەماڵەی (تۆفیق)ی کارەکتەری سە رەکیدا کە رووکارەکانی ئەو هەژاری و دەستکورتییەیان لە جۆری نانخواردنیان پیشان دراوە ، کاتێك شلە ساوە ریان دەبێت، کەچی منداڵەکانی ئەوەندە ئە و جۆرە خواردنە یان خواردووە ، لێی بێزاربوونە ، بۆیە (تۆفیق )ی باوکیان پەنا بۆ فێڵێك دەبات، تا وایان لێبکات نانەکەیان بخۆن **((لەوکاتە دا، پێشنیارێکم وە بیرهات، چاکتر وایە بڵێم، پیلانێك بۆ هاندانی منداڵەکانم تاوەکو شلە ساوەرەکەیان دەرخوارد بدە م و لەبنی بێنن. گوتم: وەرن گرەوێك بکەین))** (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل 31).لێرە دا باوکیان بە هۆی فرت و فێڵەوە دەیەوێت برسی نەبن و ئەو خواردنەی بوونی هە یە بیخۆن . ئە و هەژارییە ی (تۆفیق )ی کارەکتەر هەر هی ئەو سەردەمەی نییە، بەڵکو کاتی خۆشی ئەو لە خێزانێکی هەژاردا ژیاوە و تەنانە ت لەبەر هەژاریی و مردنی باوکیدا وازی لە خوێندنیش هێناوە . دیارە مردنی باوکی (تۆفیق ) کاریگە ری گەورەی لەسەر ژیانی ئەو بنەماڵەیە داناوە، بەتایبەتیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هە ژاری و نە بوونی و برسێتییە، دایکی (تۆفیق) پە نای بۆ کاری جۆراجۆر بردووە . بەمشێوە یە بە ژیانێکی مە مرەو مە ژی ئە وانی بە خێوکردووە. دیارە ئە و هەژارییە هە ر لەگەڵیاندا بە ردەوام بووە و رواڵە تی ئە و هەژارییە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی (تۆفیق) و خێزانەکەی زۆر بووە **((ــئافرە ت جل وبە رگی جوانیان لەبەرکە نەبادا لە قوتابخانە شەرمەزار بن.**

**خاتە پڕ قورگی گریان بوو، هەستم بەوە کردو دڵنەواییم دایەوە.**

**ـ شوكر لە هیچیان كەم نی یە، (هەرچەندە گۆشت گرانە، خۆ نەخواردنی هەرزانە).**

**ـ هەتا كەینێ وابین؟ منداڵەكان وەختە بۆ سیوجگە ڕێك ، سوێ یان ببێتە وە. خوایە ئە م بێدادی و ستەمە هەتاكەی؟))** (هەڵكشان بەرەو لوتكە ل145).لێرەشدا سە ختی ژیان و گوزە ران بەهۆی هەژاری و نەبوونی و برسێتی خراوەتەڕوو كە تینی بۆیان هێناوە و تەنانە ت كاریگە ری لەسە ر منداڵەكانیشیان هە بووە. بێگومان بنە ماڵە ی (تۆفیق ) لەگە ڕەكێكی هەژارنشیندا دە ژین و لە گە ڵ ئەوانیشدا كۆمە ڵێك بنەماڵە ی دیكە ی هە ژار دەژین كە ڕۆماننوس باسیان لێوە دەكات (( **ئە وەی سەرنجم ڕادەكێشێ ئەوەیە كە چوار خێزان لە م كۆڵانە دا ، ژنە كانیان نانە وایی دەكە ن، زینەتی حەمە كۆیی و قزانی رەزا عارەب و سانیەی عەلە گورگە و نە عیمی نووری ساڵح بەگ))** (هەڵكشان بەرەو لوتكە ل69-70).دیارە ئەو ناوانەی كە ڕۆماننوس ئاماژەیان بۆ دە كات، بە هۆی نەبوونی و هەژارییەوە سەرەڕای كاركردنیان لە ماڵە وە، یارمە تی پیاوەكانیشیان داوە و كاری نانە واییان كردووە بۆ دابینكردنی ژیان و بەدەستهێنانی دەرامەت. ئەمەش رووكاری هەژاربوونیان دەخاتەڕوو.

لەلایە كی دیكەشە وە ڕۆم اننوس ئاماژە ی بە دیاردەیە كی دیكە ی ناو كۆمە ڵگە داوە كە ئە ویش كرێچیایەتییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە لە كۆمەڵگە ی ئە و سە ردەمەدا كێشە ی نیشتە جێ بوون هە بووە و خە ڵكانێك لەبە ر نە بوونی شوێنی نیشتە جێ بوونە وە بەدەست ئێش و ئازا رەكانی كرێچیایەتی گیریان خواردووە، لەوانەش (تۆفیق)ی كارەكتەری سەرەكی كە خۆی لە خانووێكدا لە گە ڵ (سالار)ی كارەكتەردا كرێچی بوون، لەدیمەنێكدا خاوەنی ماڵەكە و پری كرێ بە رچاو دەخرێت، كاتێك (سالار) دەچێتە سە ردانیان **(( ـ دە دانیشە ، با وكی نە وزاد وا لای عەلە گورگەیە ، كرێكە ی دەداتێ.**

**ـ بەڕاستی ، لەم كۆشك و هەیوانە، چەندتان لێوەردەگرێ؟**

**ـ زۆری وانی یە. چوار دینار و نیوە. ))** (هەڵكشان بە رەو لوتكە ل115).بەمشێوە یە ئێش و ئازاری كرێچیاتی لەو ڕۆمانەدا خراوەتەڕوو، ئازاری ئەو كرێچیایەتییەش تەنیا پەیوەست بە هەژاری و نە بوونی و شوێنی نیشتەجێ بوونەوە بێت، بەڵكو پەیوەستە بە و ماوە كاتییە ی كە لەخانووێكدای، چونكە هە ر كاتێك خاوەن ماڵ داوای بكات، دەبێ چوڵی بكەی، بۆیە یەكێك لە ئێش و ئازارەكانی كرێچیایەتی ئەوەیە كە هەمیشە ماڵ و كەلوپەلەكانی ماڵەوت لە ناو ئوتۆمبێلی گواستنە وەیەدایە، لە دیمەنێكدا دیاردە ی گواستنەوەی كرێچی دەبینین، كاتێك ماڵی (تۆفیق ) لە ناو شاری كە ركوكدا بۆ گە ڕەگی (رەحیماوا ) دەگوازنەوە (( **ـ.... ناسیاوێكم ژوورێكی گەورەی لە (رەحیماوا ) بۆم گرتووە، دەڵێ ی چی؟**

**خاتە: پیاوەكە، قسەقسەی خۆتە. تۆ چۆنت پێ باش بێت، ئێمە ئەوەمان دەوێ.**

**ـ. من: كەواتە سبەی جومعەیە و دەگوازینەوە**

**خاتە: وا بە پەلە!**

**ـ كابرا كلیلەكەی لایە و كرێكەمان لەسەر حسێبە. ))** (هەڵكشان بە رەو لوتكە ل 135)ئێتر لە و شوێنە نوێیەدا دەبنەوە كرێچی، ئەو كرێچیایەتییەیان كاتێك قورستر دەبێت كە (تۆفیق) دەبێتە پێشمەرگە و پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەكات، هەر چەندە لە جێگە ی ئە و (نە وزاد)ی كوری كار دە كات و

ماڵەوە بەڕێوە دەبات، بەڵام کاریگەری کرێی مانگانەکە یان هە ر لەسە رە هە روەها بە هۆی پەیوەندی هاوڕێیەتییە وە ئاماژە بە چەند کارە کتە رێك دەکرێت کە ئە وانیش کرێچی بوونە ، لەوانە باس لە (سیامەند)ی کارەکتەر دەکرێت کە بە هۆی کارکردنەوە پەیوەندی هاوڕێیە تی لەگە ڵ دروستکردبوو . بەشێوەیەکی گشتی لەو رۆمانەدا دیاردەی کرێچی و ئێش و ئازارەکانی خراوەتەڕوو، بەهۆیە وە ئە وەش سەلمێنراوە کە هێشتا خزمە تگوزارییە کانی حکومە ت لە کە رتی نیشتە جێ بوون لە لاوازی دایە و خەڵکانێکی زۆر بەدەست نەبوونی شوێنی حەوانەوە دەناڵێنن و لە وڵاتی خۆیان پارچە زەوییە ك شك نابەن بیکەن بە خانووی خۆیان و تێیدا بحەوێنەوە.

ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمانەکەوتون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1ـ بەشێوەیەکی گشتی رۆمانی کورد ی لە م ماوە یەدا هە وڵی داوە رووکار ی کۆمە ڵگە ی کورد ی بخاتە ڕوو، کە کۆمە ڵگە ی یەکێکی نەرێنگە رای داخراو ی قە دەری بووە ، لە م روانگەیەشەوە رۆماننووسان هە وڵیانداوە لە رێگای باسکردنی لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی .....تاد، خەسڵە تەکانی ئە و ج ۆرە کۆمە ڵگە یە دیاری بکە ن و رووخسارە کانی شیبکەنەوە.

لەهەمانکاتیشدا باس لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەش بکەن کە لە و ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە ، کە وایان کردووە کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەیەکی وەرچەرخاو نزیك بکەوێتەوەو زەمینە برەخسێنێت بەرەو هەنگاونان بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و کراوە.

2ـ نەخوێندەواری وەکو دەردەو بەڵایەك لەلایەن ڕۆماننوسانەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و کاریگەری و کاریگەری کردنەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگە ڕوونکراوەتەوە،لەمەشدا هەڵوێستی ڕۆماننوسان و بەرپرسیارێتیان لەبەرانبەر کێشە و گرفتەکانی تاك و کۆمەڵگە بەرچاو دەکەوێت. لەهەمانکاتیشدا هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیان خستۆتەڕوو، کە ئەویش زیاتر بەشێوەی تاك بووە ، بەو واتایەی تاك هەستی بە بەرپرسیارییەتی کردووە و هەوڵیداوە ئەو دیاردەیە بنبڕبکات کە لەلایەن خەڵکێکی دڵسۆزەوە دراوە بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەوارییەوە. لەبەرانبەریشدا هەوڵی حکومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخوێندەواری دەبینن، کە ئەو هەوڵە زۆر سست و لاواز بووەو حکومەت بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکردووە، بەتایبەتیش لەسەرەتاکانی ئەو ماوەیەدا، لەبەرانبەریشدا لە ڕۆمانی (هەرەس)دا هەوڵی بەرنگاربوونەوی نەخوێندەواری لە ناو شۆڕشدا دەبینین، کە بەشێوازی گرووپەوە پێشمەرگەکان لەناوخۆیاندا یەکتری فێری خوێندەواری دەکەن.

3ـ باری ئابووری لەو ماوەیەدا بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لەرۆمانەکەدا لە دووتوێی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە خراوەتەڕوو لە هەژاری و بێکاری و ...، ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ئەو بارە لە هەڵکشان و داکشاندا بووەو سەقامگیری و چەسپاوی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگە هەبووە، چونکە باری ئابووری بەهۆکاری گەشەسەندن و بنچینەی پێشکەوتن لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە ڕۆمانەکاندا خراوەتەڕوو ئاستی خۆشگوزەرانی خراپ بووەو داهاتی تاك بەپێی پێداویستییەکان نەبووە. هەروەها کۆمەڵگە زیاتر لە بارودۆخێکی هەژاریدا ژیاوە، ئەمەش بەهۆی باری سیاسیی و نەبوونی پلانی گەشەسەندنی ئابووری وڵات بووە. بۆیە بەهۆی باری سیاسییەوە ڕووکارەکانی هەژاری و بێکاری لە برسێتی و کرێچییەتی و دەستکورتی بەرچاو خراوە.

## سەرچاوەکان

یەکەم: بەزمانی کوردی

أـ كتێب:

1. د.ئیبراهیم حەسەن، رەنگدانەوەی کەلە پوور لە رۆمانی کوردیدا، یە کێتی نووسە رانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی، هەولێر ، 2012.
2. ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بلأوکردنە وەی ئاراس، چاپی پێنجە م، هە ولێر ، 2010.
3. تەها ئەحمەد رسوڵ، فەنتازیای داخراو، بەرێوەبەرێتی چاپ و بلأوکردنەوەی سلێمانی، 2009 .
4. تیۆدۆر ئەدۆرنۆو ئەوانی دی، کۆمەڵناسی ئە دەبیات، و: هادی محە مە دی، چاپخانە ی بینایی، سلێمانی 2009.
5. حسین عارف، شار، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2011.
6. حسام بەرزنجی، کانگەی بەلأ، مطبعة الحوداث، بغداد، 1988.
7. حەننا عەبود، لەبارەی مێژووی رۆمانەوە، و: عەبدوڵلأ رەحمان،چاپخانەی مناره، هەولێر ، 2010.
8. عەزیزی مەلای ڕەش، کوێخا سێوێ، الأمانه العامه الثقافة و الشباب، هەولێر 1986.
9. عەبدوڵلأ سەراج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، دار الحریه للطباعة، بغداد، 1989.
10. غەفور ساڵح عەبدوڵلأ، توانەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیر، چاپی دووەم، هەولێر 2009.
11. موکری، هەرەس، چاپخانەی یێسارانی، چاپی سێیەم، سلێمانی، 1998.
12. پ.ی. د. نەجم ئەڵوەنی ، بیۆ ری کۆمە ڵناسی رۆمان، چاپخانە ی زانکۆی سە لاحەدین، هە ولێر 2017.

ب ـ نامەی ئەکادیمی:

13. حەسە ن یوسف کە ریم، رەهەندی کۆمە لأیە تی لە رۆمانە کانی (عە تا نە هایی)دا، نامە ی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، 2012 .
14. عادل مە جید محە مە د گە رمیانی، ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچە رخ لەعێراقدا، نامە ی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا 1996

ج ـ گۆڤار و رۆژنامە:

15. جین پارکینسۆن، لۆکاچ و کۆمە ڵناسی ئە دەبیات، و:ئازاد بە هین، گۆڤاری ( ئاینده )، ژ(96)، ئایاری 2011.
16. مەجید عەبدولڕە حمان، رەگە زی نوێ بۆ نووسینی رۆمان، گۆڤاری (نوسە ری نوێ ) ، ژماره (45)،مایسی 2009.
17. یوسف رۆستم ئە حمە د، لایەنە میللی یە کان لە رۆمانی هە ڵکشاندا، گۆڤاری (کاروان )، ژماره(89)، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی 1990.

دووەم: بەزمانی عەرەبی:

أـ کتێب

18. بول أرون و الان فیالا، سوسیولوجیا الأدب، ت: د.محمد علی مقلد، دار الکتاب الجدید ة المتحد ة، بیروت 2013 .
19. أ.د. سمیر ابراهیم حسن، تمهید في علم الأجتماع، دار المسیره للنشر و التوزیع و ال طباع ة ، عمان ــ الأردن ،2012.
20. ا.د.عبدالله محمد الغزالی، النص الأدبي ــ من الأستجابة الی التأویل، مکتبة افاق، کویت ،2011.
21. ا.د. محمد سعید فرح،ا.د.مصطفی خلف عبدالجواد . علم اجتماع الأدب، دار المسیر ة للنشر و والتوزیع و الطباعة، عمان، 2009.

ج ـ گۆڤار و رۆژنامە:

22. صبری حافظ، الروایة شکلا أدبیا و مؤسسة اجتماعیة، مجلة (الفصول )، المجلد (4)، العدد (1)، اکتوبر، نوفمبر، دیسمبر 1983.

23. لوسيان غولدمان، البنوية التكوينية وتاريخ الأدب، ت:د.علي الشرع، مجله الثقافة الأجنبية، العدد الرابع، السنه الثامنة، بغداد، 1988.
24. فايد محمد، نظرية الرواية لدى جورج لوكاش، مجلة (الرقيم)، العدد(5) ، الربيع 2014.

## REFERENCES

### Books

Abboud, H. (2010). In the history of the novel, translation, Abdulla Rahman, Manara Press, Arbil.

Abdalla, G. S. (2009). Solubility, Ministry of Culture Press, Second edition, Erbil.

Ahmed I. (2010). The labor of the people, Publishing & Distribution Aras, 5th Edition, Arbil.

Aloni,N. (2017). Theory of sociology novel, University Press Salahaddin, Erbil.

Aref, H. (2011). The City, House of Printing and Distribution Aras, Second Edition, Erbil.

Barzanji, H. (1988). Source of the tragic, Al-Houdath Press, Baghdad.

Ederorno et al, T. (2009). Sociology sociology, translation: Hadi Mohamed, Binai Press, Sulaymaniyah.

Hassan, I., (2012). Reflection of Heritage in the Kurdish Novel, Kurdish Literary Union General Center, Erbil.

Malrach, A. S. (1986). General Secretariat of Culture and Youth, Erbil.

Rasoul, T. A. (2009). Fantasia closed, Directorate of print and distribution Sulaymaniyah,.

Siraj, A. (1989). Upgrade Towards the Summit, Dar Al-Huria for Printing, Baghdad.

Mukhery, (1998). Setback, Btassarani Printing Press, Third Edition, Sulaymaniyah.

### B -Academic Research

Karim,Hassan Youssef,(2012).Social Dimensions in Novels (Atta Nuhayi), Master Thesis, Faculty of Languages, Salahuddin University,

Khermiani,Adel Majeed Mohammed, (1996).Realism in Contemporary Kurdish Novel in Iraq, Master Thesis, Faculty of Education Ibn Rushd, University of Baghdad.

### C - Newspapers and magazines

Abdel Rahman, Majeed, (2009).The New Element in Novel Writing, Journal (New Writer), Issue (45), May.

Ahmed, Yusuf Rustam (1990).The Popular Cases in the Upgrade Novel, "Karwan," No. 89, September and October.

Tharkinson,Jane, (2011). Lukas and Sociology Literature, Translated by: Azad Bahin, Journal (Future), Issue (96), May.

**Second: In Arabic**

**A- Books**

Arun, Paul & Fiala, Alan, (2013).Sociology of Literature, translated by: Dr. Mohamed Ali Mekled, New United Book House, Beirut.

Farah, Mohamed Saeed, Abdel-Gawad, Mostafa El Khalaf, (2009). Sociology of Literature, Dar Al-Messayra for Publishing, Distribution and Printing, Amman.

Ghazali, Zabdallah Mohamed, (2011). Literary Text of Response to Interpretation, Afaq Library, Kuwait.

Hassan, Samir Ibrahim, (2012).Timed in Sociology, Dar Al-Mesireh for Publishing, Distribution and Printing, Amman Jordan.

**B - Newspapers and magazines**

Goldman, Lucian, (1988).The Structural Structure and the History of Literature, Translated by: Dr. Ali Shara, Journal of Foreign Culture, No. 4, 8th Year, Baghdad.

Hafez, Sabri, (1983).The Narrative of a Literary Form and a Social Institution,seasons Journal, vol. 4, No. 1, October, November, December

Mohammed, Fayed, (2014).The Theory of Novelism by George Lukasz, Al-Raqim Magazine, Issue (5), Spring